مجلة قەڵاى زانست العلمية

مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق

المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩

رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕێکخستنی دەستوری بۆ پێکهێنانی دادگای باڵای فیدرالی لە عێراق و پەیوەندی بە مافی هەرێمەکان

توێژینەوەیەکی شیکارییە[1]

Constitutional organization for the formation of the Supreme Federal Court in Iraq and its relationship with the rights of the Territories

An analytical study

**پرۆفیسیۆر. دکتۆر عبدالملك یونس محمد**

کۆلێژی یاسا / زانکۆی صەلاحەددین

**مامۆستای یاریدەدەر. سۆران علی حسن**

فاکەڵتی یاساو پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان / زانکۆی سۆران

**معلومات البحث**

**تاريخ البحث:**

الاستلام: ٢٠١٨/١٠/٦

القبول:٢٠١٨/١١/١٤

النشر: شتاء ٢٠١٩

Doi:

## پوختە

لە پاش بەرجەستە بوونی سیستەمی فیدرالی و یەکگرتنی ئارەزومەندانەی شێوە نوێی دەوڵەتی عێراق لە ڕێکخستنی 2004 و جەخت لێکردنەوەی لە ڕێکخستنی دەستوری بەرکاری 2005، تەواوی دامەزراوە

---

[1] ئەم توێژینەوەیە بەشێکی هەڵێنجراوی تێزی دکتۆرایە (ئامادەکراوە بۆ پێشکەشکردن) لەلایەن سوران علی حسن بە ناونیشانی: (دامەزراوە دەستورییەکان بۆ گەرەنتی مافی هەرێمەکان لە دەوڵەتی فیدرالیدا _ عێراق بە نمونە_)، بە سەرپەرشتی پرۆفیسۆر د. عبدالملك یونس محمد، زانکۆی سەڵاحەدین، کۆلێژی یاسا و زانستە رامیارییەکان .

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**10.25212/lfu.qzj.4.1.1**

**الكلمات المفتاحية:**
*Constitutional Organization, Federal Court, Federal System, Judiciary, Institutions, Jurisdiction, Legal Power.*

فەرمانرەواییەکان لە ریشەوە گۆرانکاری بەسەردا هات. لە میانەی ئەو گۆرانکارییانەدا سیستەمی دادوەریش تێدا بەدەر نەبوو بەتایبەتی لە دانان بە دووانەیی سیستەمی پێکهاتەی دادوەری لە سەر هەردوو ئاستی هەرێمی و فیدرالی، و پێکهێنانی دادگای باڵای فیدرالی کە نمایندەی بەرزترین ئاستی دامەزراوەی دادوەری دەکات لەسەر ئاستی دادوەری فیدرالی لە رووی پێگە و هێزی یاسایی بریارەکانی و پەیوەنداری بە بابەتە دەستوریی و کێشەی نێوان پێکهێنەرو دامەزراوە فیدرالییەکان.

بەڵام بەهۆی تێپەربوونی ئەم دادگایە بە سێ وێستگەی رێکخستنی دەستوری و یاسایی جیاوازدا ولە چاوەروانی رێکخستنێکی نوێی یاساییدا چەندین کێشەی پەیوەندار بە پێکهێنان و پێکهاتە و پیادەکردنی تایبەتکارییەکانی سەرەرای مەودای بەشداری کردنی هەرێمەکان تییاندا، جێگەی چەندین تێبینی و سەرنجی یاساییە لە ناسەقامگیری بوون و بۆشایی رێکخستنی یاسایی ئاماژەپێکراو لە دەستوری بەرکاری 2005 بۆ پێکهێنان ودیاریکردنی ژمارەی ئەندامان و چۆنیەتی دامەزراندنیان ورێکارییەکانی کاری دادگاکە .

ئەم تویژینەوەیە لە رێگای پشت بەستن بە میتۆدی شیکاری رێسا و حوکمە دەستوری و یاساییەکان کە پەوەندارە بە پێکهێنان و پێکهاتەی دادگاکە و بەشداریکردنی هەرێمەکان دەکاتە بەر باس ، سەرەرای بەدیارخستن و لێکدانەوەی کێشە پەیوەستەکان پێیان ..

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## پێشەکی

لە پاش ئەو گۆڕانکارییە بنەڕەتییانەی لە شێوەی دەوڵەت وسیستەمی دەستوری و سیاسی لە یەکەم ڕێکخستنی دەستوری 2004 (یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە) و جەخت کردنەوە لە دەستوری بەرکاری 2005 لە بەرجەستە بوونی سیستەمی فیدرالی و یەکگرتنی ئارەزومەندانەی شێوە نوێی دەوڵەتی عێراق هاتە کایەوە، تەواوی دامەزراوە فەرمانڕەوایییەکان لە ریشەوە گۆڕانکاری بەسەردا هات. لە میانەی ئەو گۆڕانکارییانەدا سیستەمی دادوەریش تێدا بەدەر نەبوو بەتایبەتی لە دانان بە دووانەیی سیستەمی پێکهاتەی دادوەری لە سەر هەردوو ئاستی هەرێمی و فیدرالی، بەتایبەتی پێکهێنانی دادگای باڵای فیدرالی کە نمایندەی بەرزترین ئاستی دامەزراوەی دادوەری دەکات لەسەر ئاستی دادوەری فیدرالی لە رووی پێگە و هێزی یاسایی بڕیارەکانی و پەیوەنداری بە بابەتە دەستوریی و کێشەی نێوان پێکهێنەرو دامەزراوە فیدرالییەکان.

**گرنگی توێژینەوە** : پەیوەست بوون و ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندی سیستەمی فیدرالی بە بوون و پێکهێنانی ئەم دادگایە و هاوکۆك بوون بە ئەزمونە فیدرالییەکان لە جیهاندا، و پیادەکردنی تایبەتکارییەکانی پەیوەندار بە بابەتە دەستورییەکان وەك ڕێسای باڵای پەیڕەوکراو و هێزی یاسایی بڕیارەکانی لە لێبراوەیی و ملکەچ نەبوونی بۆ پێداچوونەوە و چاودێری کردنی یاسا دانراوەکان، و بەرجەستە کردن و پارێزگاری کردن لە مافە دەستورییەکانی هەرێمەکان گرنگی توێژینەوەکەی لێچوارچێوە دەکرێت .

**کێشەی توێژینەوە**: بەهۆی تێپەربوونی پێکهێنان ودیاریکردنی پێکهاتە وجۆراوجۆری تایبەتکارییەکانی ئەم دادگایە بە سێ وێستگەی ڕێکخستنی دەستوری و یاسایی جێەجێکراودا لە ڕێکخستنی دەستوری 2004 (یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە) و یاسای دادگای باڵای فیدرالی ژمارە 30 ی ساڵی 2005 و ڕێکخستنی دەستوری بەرکاری 2005 و لە چاوەڕوانی ڕێکخستنێکی تری یاساییدا کە هەنگاوی بەرهەمداری لێنەکەوتۆتەوە، دەکرێت کێشەی توێژینەوە ژوارچێوە بکەین لە دیاریکردنی بنەمای پشت بەستووی دەستوری لە

قۆناغی گواستنەوە و بە دیاریکراوی ڕێکخستنی دەستوری 2004 لە کاتێکدا بە ڕێکخستنی دەستوری پاشتر (دەستوری کۆماری عێراق 2005) بە هەڵوەشاوەی هەژماردەکات. هەربۆیە کێشەی پیادەکردنی جۆری تایبەتکاریشی لێدەکەوێتەوە لە کاتێکدا کە لە تەواوی ڕێساکانی تایبەت بە پێکهێنان وپێکهاتە وتایبەتکارییەکانیان جیاوازن، سەرەرای فەراهەمبوونی بەشداری هەرێمەکان وەك پیادەکردنی مافێکی دەستوری لە پێکهێنان و پێکهاتەی دادگاکەدا.

**میتۆدی توێژینەوە:** بەمەبەستی گەیشتن بە دیاریکردنی کێشە و بابەتە پەیوەندارەکان بە جێی باسی توێژینەوە لە پێکهێنان و پێکهاتەی دادگای باڵای فیدرالی، میتۆدی شیکاریی دەگرینە بەر بۆ هەرسێ ڕێکخستنی دەستوری و یاسایی _ئاماژە پێکراو_ی ڕێکخەری دادگاکە.

**پلانی توێژینەوە** : بۆ گەیشتن بە شیکاری دروست بۆ بابەتی جێی باسی توێژینەوە لە دابەشکارییەکی شێوە ژمارەییدا (دیجیتاڵی) لە سێ بەشدا دەخەینە ڕوو. لە یەکەمیاندا باس لە پێکهێنان و پێکهاتەی دادگای باڵای فیدرالی دەکەین، و لە دووەمیاندا کێشە پەیوەندارەکان بە پێکهێنان و پێکهاتەی دادگاکە، و لە سێیەمدا مافی بەشداریکردنی هەرێمەکان لە پێکهێنان وپێکهاتەی دادگای ناوبراو دەکەین . پاشان بە دیارخستنی دەرئەنجام وراسپاردەکان کۆتایی بە توێژینەوەکە دەهێنین .

## 1 _ پێکهێنان و پێکهاتەی دادگای باڵای فیدرالی لە عێراق

لە هەنگاوی یەکەمی یاسادانەری دەستوری بۆ پێکهێنانی دامەزراوە دەستورییە فیدرالییەکان لە عێراق و لە میانەیاندا دامەزراوەی دادوەری و گونجاندنی لەگەڵ سیستەمی سیاسی بریاردراو و شێوەی نوێی دەوڵەتی عێراق و بەرجەستەکردنی سیستەمی فیدرالی لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە 2004[(2)] وەك لە لە مادەی چوارەمدا

(2) ( یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە 2004 ) بە ناونیشانی دەستور نەناسێنرا، بەڵام لەرووی ناوەرۆك تەواوی تایبەتمەندییەکانی دەستوری لە خۆ گرتبوو چ بەباتە لەخۆگرتووەکانی تایبەت بە بوارەکانی

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هاتووە ( نظام الحكم فی العراق جمهوری إتحادی (فیدرالی) دیمقراطی تعددی .......) بریتیی بوو له پێکهێنانی دادگای باڵای فیدرالی وەك دامەزراوەیەکی دادوەری فیدرالی كه چوارچێوه گشتییەکەی تیایدا رێکخرابوو, و رێکخستنی وردەکارییەکانی پێکهێنان و کاری دادگاکەی بۆ دەسەڵاتی یاسادانان بەجێهێشبوو، پاشان رێکخستنی یاسایی له 2005 به ( یاسای دادگای باڵای فیدرالی ژمارە 30 ی ساڵی 2005) و دوواهەمینیان له رێکخستنی دەستوری 2005 بەدی دەکرێت .

بۆ ئەم مەبەستە هەردوو رێکخستنی دەستوری بۆ پێکهێنان و پێکهاتەي دادگاکه روون دەکەینەوه به جیا بەم شێوەی خوارەوە :

## 1 _ 1 پێکهێنان و پێکهاتەی دادگای باڵای فیدرالی له رێکخستنی دەستوری 2004 :

رێکخستنی دەستوری 2004 به دیاریکراوی مادەی چل و چواری بۆ تەواوی بابەتەکانی پەیوەست بەدادگای باڵای فیدرالی تەرخانکردبوو، لەوانە دیاریکردنی میکانیزم و قۆناغەکان و پرۆسەی پێکهێنانیدادگاکه ولایەنه پەیوەندیدارەکان و رۆڵیان له پرۆسەکەدا، به هەمان شێوه دیاریکردنی تایبەتکارییەکانی، و چوارچێوەی رێکاری بەرێوەبردن و دادبینی تیایدا, سەرەرای رەوانەکردنی پێکهێنانی بۆ رێکخستنێکی یاسایی. هەر بۆ ئەم مەبەستە به پێی یاسایەکی فیدرالی (یاسای ژمارە 30 ساڵی 2005)[3] پشت بەستوو به پاڵپشتی دەستوری و بەدیاریکراوی برگەی (أ) له مادەی چل و چواری یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی بۆ قۆناغی گواستنەوە 2004[4] دادگاکه

---

رێکخستنییەوە له رووی شێوە و جۆری دەوڵەت و دیاریکردنی دەسەڵاتەکان و رێکخستنی پەیوەندییەکانیان و دیاریکردنی ماف وئازادییە گشتییەکان وگەرەنتی کردنی پیادەکردنیان, هەربۆیه زۆر له یاساناسان به دەستوری کاتی ناوی دەهێنن و هەژماری دەکەن ، بروانه: د. منذر الشاوی، فلسفة الدولة، الطبعة الثانية ، الذاكرة للنشر والتوزيع ، بغداد ، عمان / الأردن، 2013، ل390. و مدحت المحمود ، القضاء فی العراق_ دراسة استعراضية للتشريعات القضائية فی العراق _، الطبعه الثانية، 2010، شركة مجموعة العدالة للصحافة والنشر ، ل70.

[3] له بنەرەتدا ئەم رێکخستنه یاساییە به فەرمان دەرکراوە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی (حکومەتی راگوزەر) كه به پێی بەشی دووەمی پاشکۆی یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ ماوەی ڕاگوزەری 2004 تایبەتکاری دەرکردنی فەرمانی هەبوو کەهێزی یاسای پێبەخشرابوو له کاتێکدا به رەزامەندی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆمار بێت. ئەم فەرمانه له وەقایعی عێراقی بڵاوبۆتەوە به ژمارە 3996 له 2005/3/17 .

[4] دەقی مادەی (44/أ) له یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە 2004 : ( يجري تشكيل محكمة فی العراق بقانون وتسمى المحكمة الإتحادية العليا).

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێکهێنرا، سەبارەت بە پێکهێنانی دادگاکە ولایەنە پەیوەندارەکان و قۆناغەکانی پرۆسەی پێکهێنانی دادگاکە ئەم یاسایە هیچ وردەکاری و زیادەیەك لەوەی ئاماژە پێکراوە لە رێکخستنی دەستوری تێدا بەدی ناکرێت جگە لە جەخت کردنەوە نەبێت، هەربۆیە بە دیاریکراوی ئاماژە بە ناوەرۆکی دەقی مادە (44/هـ)[5] دەکات لە پرۆسەی پێکهێنانی دادگاکە, کە بە دەسەڵاتی دادوەری فیدرالی و هەرێمەکان و دەسەڵاتی جێبەجێکردنی فیدرالی چوارچێوە کراوە[6]. بەم شێوەی خوارەوە :

**1_1_1 لایەنە پەیوەندار و بەشدارەکان لە پێکهێنانی دادگای باڵای فیدرالی:**

لە نێو تەواوی دامەزراوە دەستورییەکان لەسەر ئاستی فیدرالی و هەرێمەکان لەهەرسێ دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن ودادوەری سێ دامەزراوەی دیاریکردووە کە بەشدار دەبن لە پرۆسەی پێکهێنانی دادگاکە و بریتین لە :

_ ئەنجومەنی باڵای فیدرالی دادوەری (فیدرالی).

_ ئەنجومەنی دادوەری هەرێمەکان.

_ ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆمار .

**یەکەم / ئەنجومەنی باڵای دادوەری (فیدرالی) :** بە مەبەستی سەرپەرشتیکردنی دامەزراوە دادوەرییە فیدراڵییەکان لە مادەی (45)ی یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە 2004 پێکهێنانی ئەنجومەنێکی دادوری بوو بە ناوی ( ئەنجومەنی باڵای دادوەری ) و پێکهاتەکەی بریتی بوون لە :

---

[5] دەقی مادەی (44/هـ) لە یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە 2004: ( تتكون المحكمة الإتحاديه العليا من تسعه أعضاء ، ويقوم مجلس القضاء الأعلى أوليا بالتشاور مع المجالس القضائيه للأقاليم بترشيح ما لا يقل عن ثمانية عشر إلى سبعة وعشرين فردا لغرض ملي الشواغر في المحكمه المذكورة، ويقوم بالطريقة نفسها فيما بعد بترشيح ثلاثة أعضاء لكل شاغر لاحق يحصل بسبب الوفاة او الاستقالة او العزل، ويقوم مجلس الرئاسة بتعيين أعضأء هذه المحكمة وتسمية أحدهم رئيسا لها، وفي حالة رفض أي تعيين يرشح مجلس القضاء الأعلى مجموعه جديده من ثلاثه مرشحين ) .

[6] مادەی (3) لە یاسای دادگای باڵای فیدرالی ژمارە 30 ساڵی 2005 .

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1 _ سەرۆكی دادگای باڵای فیدراڵی.

2 _ سەرۆك وجێگرانی دادگای پێداچوونەوەی فیدراڵی.

3 _ سەرۆكی دادگاکا تێهەڵچوونەوەكانی فیدراڵی.

4 _ سەرۆك و جێگرانی دادگای پێداچوونەوەی هەرێمەكان .

وە سەرۆكایەتی ئەنجومەنەكە بە سەرۆكی دادگای باڵای فیدرالی سپێردرابوو، و لە حاڵەتی ئامادەنەبوونیدا سەرۆكی دادگای پێداچوونەوەی فیدراڵی ئەركەكەی لە ئەستۆ دەگرت [7].

كەواتە ئەم ئەنجومەنە بەم پێكهاتەو تایبەتكارییەوە بە هەمواركاری رێكخستنی یاسایی ژمارە 35ی ساڵی 2003 ی دەسەڵاتی كاتی هاوپەیمانان پەیوەست بە ئەنجومەنی دادوەری پێكهێنراو هەژمار دەكرێت لە رووی ناو و پێكهاتە و سەرۆكایەتی كردنییەوە، لەبەرئەوەی ئەنجومەنی دادوەری كارا پێكهاتبوو لە سەرۆكی دادگای پێداچوونەوە و سەرۆكی ئەنجومەنی شورا و سەرۆكی داواكاری گشتی و سەرۆكی سەرپەرشتیاری داد وبەرێوەبەری فەرمانگە كارگێرییەكان ئەگەر دادوەر یان ئەندامی داواكار گشتی بن، و سەرۆكایەتی ئەنجومەنەكە بە سەرۆكی دادگای پێداچوونەوە سپێردرابوو [8].

ئەم هەنگاوەش بە پێكهێنانەوەی ئەنجومەنی باڵای دادوەری بە سەربەخۆبوون لە دەسەڵاتەكانی تر[9] لە قۆناغی سیستەمی نوێی پەیرەوكراو لە عێراق لە پێشینەیان ئەنجومەنی دادوەری لە 2003 _ ئاماژەپێكراو_ هەندێك لە یاساناسان و ئەوانەی لە كاری دادوەری خاوەن ئەزموونن پێیان وایە بە هۆكارێكی گرنگ دادەنرێت لە پاراستن و گەرەنتی كردنی بنەماكانی دیموكراتیەت لە قۆناغی نوێدا[10].

---

[7] دەقی مادەی (45) لە یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە 2004 : ( يتم إنشاء مجلس أعلى للقضاء ، ويتولى دور مجلس القضاه، يشرف المجلس الأعلى للقضاء على القضاء الإتحادى، ويدير ميزانية المجلس، يتشكل هذا المجلس من رئيس المحكمة الإتحادية العليا، رئيس ونواب محكمة التمييز الإتحادية، ورؤساء محاكم الإستئناف الإتحاديه ، ورئيس كل من محكمه إقليمية للتمييز ونائبيه، يترأس رئيس المحكمة الإتحادية العليا المجلس الأعلى للقضاء، وفى حال غيابه يترأس المجلس رئيس محكمة التمييز الإتحادية ) .

[8] بە پێی مادەی(2) لە فەرمانی دەسەڵاتی كاتی هاوپەیمانان ژمارە 35 ی ساڵی 2003 .

[9] بە پێی یاسای وەزارەتی داد ژمارە 101 ی ساڵی 1977 ئەنجومەنی داد هەڵوەشێنرایەوە و ئەنجومەنی داد شوێنی گرتەوە بە تایبەتكارییەكانیەوە، كە بەشێك بوو لە پێكهاتەی وەزارەتی داد لە میانەی دەسەڵاتی جێبەجێكردن .

[10] مدحت المحمود، مصدر سابق ،ص64.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**دووەم / ئەنجومەنی دادوەری هەرێمەکان** : هەرێمی کوردستان تاکە هەرێمی پێکهاتوو و دانپێدانراوی دەستوری بوو[11]، لەبەر ئەوە تاکە ئەنجومەنی دادوەریی هەرێمی بوو لەوکاتەدا بۆ بەشداری پێکردن لە پیکهێنانی دادگای باڵا ئاماژەی پێبکرێت .

ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان بە پێی یاسای بەرکار لەوکاتەدا (یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە 14 ی ساڵی 1992 )
پێکهاتبوو لە [12]:

1 – سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە .
2 – جێگری (پلەبەرزتر) لە جێگرانی سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە,.
3 – سەرۆکی دەستەی سەرپەرشتیاری دادوەری .
4 – بەرێوەبەری گشتی داد .

سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە لە هەمان کاتدا سەرۆکایەتی ئەنجومەنەکەی دەکرد.

**سێیەم / ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆمار** : وەك بەشێك لە پێکهاتەی دەسەڵاتی جێبەجێکردنی فیدرالی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆمار پێکهاتبوو لە سەرۆك و دوو جێگر کە لە رێگای یەك لیستی پاڵاوتن هەرسێکیان لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانانەوە (کۆمەڵەی نیشتمانی) بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی ژمارەی ئەندامانی هەڵدەبژێردران، و ئەرکی سەرەکی ئەم ئەنجومەنە خۆی دەبینییەوە لە نوێنەرایەتی کردنی سەروەری عێراق و سەرپەرشتی کردنی کاروبارە باڵاکانی دەوڵەت، و بڕیارەکانی ئەم ئەنجومەنە مەرجدار بوو بە کۆی دەنگی هەرسێ ئەندامان لە سەرۆك و جێگران [13].

**2_1_1 قۆناغەکانی پێکهێنانی دادگای باڵای فیدرالی** : ئەو لایەنە پەیوەندار و بەشدارانەی _پێشتر باسکران_ - لە پێکهێنانی دادگای باڵای فیدرالی ئەرك و رۆڵیان پێ

[11] مادەکانی (53/ أ، 54/أ ) لە یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە 2004.
[12] مادەی (31/یەکەم/1) لە یاسای دەسەڵاتی دادوەری هەرێمی کوردستان ژمارە14ی ساڵی 1992 .
[13] مادەی (36) لە یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە 2004 .

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سپێرراوە لە دوو قۆناغی دیاریکراودا کە بریتیین لە قۆناغی راوێژ و پاڵاوتن و قۆناغی دیاریکردن و دامەزراندن:

**قۆناغی یەکەم/ راوێژ و پاڵاوتن:** دەقی بڕگەی (هـ) لە مادەی چل و چواری یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە 2004 کە تایبەتکراوە بە پێکهێنانی دادگاکە تەواوی پرۆسەکەی کورت کردۆتەوە – پاش دیاریکردنی تەوەرەکانی کە لە پێشدا ئاماژەمان پێدا – لە دەستپێکردنی راوێژ لە نێوان ئەنجومەنی باڵای دادوەری (فیدرالی) و ئەنجومەنی دادوەری هەرێمەکان _ هەرێمی کوردستان تاکە هەرێمی پێکهێنراوی عێراق بوو _ بۆ پاڵاوتنی ئەندامانی دادگاکە و پێشکەشکردنی بە ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆمار، و پێوستە ژمارەی ئەو ئەندامە پاڵێوراوانە دوو تا سێ هێندەی ژمارەی دیاریکراوی دادگاکە بێت واتە لە نێوان هەژدە تا بیست و حەوت پاڵێوراو، پاشان لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی کۆمار نۆ ئەندام دادەمەزرێنرێت و یەکێکیان بە سەرۆکی دادگاکە دیاریدەکرێت [14].

لەحاڵەتی دروست بوونی بۆشاییەك لە ئەندامانیدا بەهەر هۆکارێکی وەك مردن، دەستلەکارکێشانەوە، لەکارلادان پێویستە هەمان رێککاری پێشوو بگیرێتە بەر لە پاڵاوتنی لیستێك کە سێ ئەندام لە خۆبگرێت بۆ دامەزراندن و پڕکردنەوەی بۆشاییەکە[15]. وە لەحاڵەتی رەتکردنەوە یان قەبوڵنەکردنی هەر لیستێکی پاڵێوراو بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی لە ئەندامانی دادگا لەلایەن ئەنجومەنی سەرۆکایەتییەوە پێویست بوو ئەنجومەنی باڵای دادوەری لیستێکی تری سێ

[14] ئەنجومەنی باڵای دادوەری فیدرالی لە دانیشتنی تایبەت بەم بابەتە لە 2004/7/21 بە دەنگدانێکی نهێنی لیستێك کە بیست و حەوت دادوەری پاڵێوراوی لە خۆگرتبوو رەوانەی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆماری کرد، پاش زیاتر لە هەشت مانگ لەلایەن سەرۆکایەتی کۆمارەوە بە مەرسومی کۆماری ژمارە 67 لە 205/3/30 ئەندامان و سەرۆکی دادگای باڵای دامەزراند . و پاش هەڵبژاردنی کۆمەڵەی نیشتمانی و پێکهێنانی حکومەتی نوێ و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆمار بە مەرسومی ژمارە 2 لە 2005/6/1 پەسەندی دامەزراندنی تەواوی ئەندامان و سەرۆکی دادگا بە پێی مەرسومی پێشوو کرایەوە . بڕوانە مدحت المحمود ، سەرچاوەی پێشوو، ل80 .

[15] بە پێی مەرسومی کۆماری ژمارە 3 لە 2007/2/19 پاش خانەنشین بوونی دادوەر (أحمد الجليلي ) ئەندامی دادگای باڵی فیدرالی بە هۆکاری تەندروستی دادوەر (حسين عباس محسن أبو التمن) دامەزرێنرا بە ئەندامی دادگا . بڕوانە : هەمان سەرچاوەی پێشوو ، هەمان لاپەڕە .

دادوەری پاڵێوراو پێشکەش بە ئەنجومەنی سەرۆکایەتی بکردایەتەوە بۆ دیاریکردن و دامەزراندنی یەکێکیان.

بەڵام ئەوەی جێگای تێبینییە سەبارەت بە پاڵوتنی ئەندامانی دادگای فیدرالی لە دەقی دەستور و یاسای ئاماژەپێکراو باس لە مەرجی ئەندامێتی یان مەرجە پێویستەکان کە لە پاڵێوراودا پێویستە فەراهەم بێت نەکراوە، و تەنها وشەی تاکی بەکارهێناوە وەك لەدەقی برگە (هـ) لە مادە چل و چواردا هاتووە: (......ويقوم مجلس القضاء الأعلى أوليا وبالتشاور مع المجالس القضائية للأقاليم بترشيح ما لا يقل عن ثمانية عشر إلى سبعة وعشرين فردا لغرض ملء الشواغر فی المحكمة المذكورة.....)، تەنانەت سیفەتی دادوەرێتیشی بە مەرج دیارینەکردووە. کە ئەمە دەکرێت بە بۆشاییەکی هەستیاری یاسایی هەژمار بکرێت. هەرچەندە هەندێك پێیان وایە کە بە پێی کارو تایبەتکاری هەردوو ئەنجومەنی فیدرالی و هەرێم و لە چوارچێوەی سەرپەرشتیاری وچاودێری دەسەڵاتی دادوەری ودادوەران دەرئەنجام پاڵێوراوەکان تەنها دادوەران دەبن،[16] بەڵام پێمان وایە سەرپەرشتی کردنی کاری دادوەران مانای ئەوە نییە رێگرە لە پاڵوتنی کەسانێك کە دادوەر نەبن، لەبەر ئەوەی لە پێکهاتەی هەردوو ئەنجومەنی دادوەری فیدرالی و هەرێم کەسانێك ئەندامن کە دادوەر نین وەك بەرێوەبەرانی گشتی و سەرپەرشتیاری دادی وداواکاری گشتی جگە لەوەش ئەنجومەنی دادوەری توانای سەرپەرشتی کارگێری بەسەر دادوەرانی دادگای پێداچوونەوە نییە لە کاتێکدا زۆربەی ئەندامانی دادگای باڵا لە ئەندامانی دادگای پێداچوونەوە بوونە[17]. ئەم تێبینیانە لە کاتێکدایە ئەگەر پاساو ئەوە بێت کە رێکخستنی دەستوری پێویست بە وردەکاری ناکات و لە دیاریکردنی چوارچێوەی گشتیدا دەمێنێتەوە، هەربۆیە پێکهێنان و وردەکاری پێکهێنانی رەوانەی رێکخستنێکی یاسایی ئاسایی فیدرالی کردووە، بەڵام ئەوەی دەبینرێت لە رێکخستنی یاسایی پێکهێنەری دادگاکەشدا جگە لە ئاماژە کردن وجەخت کردنە سەر دەقە دەستورییەکە هیچی تری لێبەدی نەکرا[18]. ئەمە جگە لەوەی زۆر لە نمونەی دەستوری

---

[16] فرمان درويش حمد، إختصاصات المحكمة الإتحاديه العليا فی العراق، منشورات زين الحقوقيه، بيروت ، التفسير للإعلان والنشر، أربيل، 2013 ، ل60.

[17] بڕوانە مادەی (2 و 3) لە فەرمانی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان (دامەزراندنەوەی ئەنجومەنی دادوەری) ژمارە 35 ی ساڵی 2003 لە 2003/9/18 ، ماددەی (31) لە یاسای دەسەڵاتی دادوەری (هەرێمی کوردستان) ژمارە 14ی ساڵی 1992 .

[18] دەقی مادەی (44/أ) لە یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە 2004 : (يجری تشكيل محكمة فی العراق بقانون وتسمى المحكمة الإتحادية العليا) . و دەقی مادەی (3) لە یاسای دادگای باڵای فیدرالی ژمارە 30ی

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەوڵەتانی هاوئەزمون لە سیستەمی فیدرالی لایەنی کەمی مەرجی ئەندامێتییان دیاریکردووە[19].

**قۆناغی دووەم / پەسەندکردن و دامەزراندن** : بە پێی هەمان بڕگە و مادە _ کە لە قۆناغی پێشوودا ئاماژەی پێکرا_ پاش پێشکەشکردنی لیستی پاڵێوراوانی ئامادەکراو لەلایەن ئەنجومەنی باڵای دادوەری فیدرالی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆمار بە کۆی دەنگ [20] ئەندامان و سەرۆکی دادگاکە دیاریدەکات و مەرسومی تایبەت بە دامەزراندنیان دەردەکات ، بە هەمان شێوەش لە حاڵەتی پڕکردنەوەی هەر بۆشاییەك لە ئەندامان لە کاتی دروست بوونیدا، جگە لەوە مافی ڕەتکردنەوەی پاڵێوراوان یان هەر لیستێکی پێشکەشکراوی ئەنجومەنی دادوەری هەبوو.

لەپاش تێپەڕبوونی قۆناغی ڕاوێژ و پاڵاوتن بەشێوەیەکی کرداری ئەنجومەنی سەرۆکایەتی بە مەرسومی کۆماری ژمارە (67) لە بەرواری 2005/3/30 ئەندامان و سەرۆکی دادگای باڵای فیدرالی دامەزراند. و پاش هەڵبژاردنی کۆمەڵەی نیشتمانی و پێکهێنانی حکومەتی نوێ و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆمار بە مەرسومی ژمارە (2) لە بەرواری 2006/6/1 پەسەندی دامەزراندنی هەمان پێکهاتەی ئەندامان و سەرۆکی دادگاکەی کردەوە[21].
ئەم ڕۆڵ و پێگە بەخشینە بە دەسەڵاتی جێبەجێکردن و بە دیاریکراوی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆمار ئەگەری چاوەڕوانی هاتنە کایەی لێکەوتە و کاریگەری نەرێنی لێدەکرێت لە کاتێکدا بڕیاری کۆتایی لەژێردەستیدا بێت و ڕۆڵی ئەنجومەنی دادوەری تەنها لە پاڵاوتندا کورت بکرێتەوە، ئەگەری کاریگەریی بوونی هەیە لەسەر بنەماکانی لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان وسەربەخۆیی

---

ساڵی 2005 : ( تتكون المحكمه الإتحادية من رئيس وثمانية أعضاء يجرى تعيينهم من مجلس الرئاسه بناء على ترشيح من مجلس القضاء الأعلى بالتشاور مع المجالس القضائية للأقاليم وفق ما هو منصوص عليه فى الفقرة هـ من مادة الرابعة والأربعين من قانون إدارة الدولة العراقية للمرحلة الإنتقالية).

[19] مادەی (124/ 3) لە دەستوری هند 1949، مادەی (1/119) لە دەستوری گواستنەوەی کۆماری سودان 2005، مادەی (2/159) لە دەستوری ئیسپانیا 1978.

[20] دەقی مادەی (36/ج) لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە 2004 : ( يتخذ مجلس الرئاسة قراراته بالإجماع، ولا يجوز لأعضائه إنابة آخرين عنهم).

[21] مدحت المحمود, سەرچاوەی پێشوو، ل80.

مجلة قەڵای زانست العلمية

مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق

المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩

رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بوون و بێلایەنی دادوەری وپیادەکردنی تایبەتکاری چاودێری دەستوری، هەربۆیە هەندێك پێیان وایە باشتر وابوو یاسادانەری دەستوری بڕیاری کۆتایی بۆ ئەنجومەنی دادوەری دیاریبکردایە ودەرکردنی مەرسومیش لەلایەن ئەنجومەنی سەرۆکایەتی[22], یاخود بەشداری هەرسێ دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری لە پێکهێنانی دادگاکەدا فەراهەمبووایە[23].

سەرەرای ئەو تێبینیانە ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆمار بە پێی مەرسومێکی کۆماری بریاری بۆ دوو دادوەری ئەندامی دادگای پێداچوونەوەی فیدرالی دەرکردووە بۆ ئەندامبوون لە دادگای باڵای فیدرالی بە شێوەی یەدەگ (احتیاط) لەگەڵ بەردەوامبوون لە کاری خۆیان لە دادگای پێداچوونەوە لە کاتێکدا بەبێ ئەوەی ئاماژە بە هیچ پاڵپشتییەکی دەستوری و یاسایی بەردەست بکات[24].

سەبارەت بە سەرۆکایەتی کردنی دادگای باڵاي فیدرالي پێویست دەکات ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆمار یەکێك لەو پاڵێوراوانە دیاری بکات کە لەلایەن ئەنجومەنی باڵای دادوەرییەوە پێشکەشکراوە، بەڵام ئەوە بەهەند وەرنەگیراوە کە خودی سەرۆکی دادگاکە لە هەمان کاتدا سەرۆکی ئەو ئەنجومەنەیە کە پاڵاوتویەتی. و بە پێی دەقی دەستوری سەرۆکی دادگای باڵای فیدرالی بەشێوەیەکی (تلقائی) دەبێتە سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای دادوەری، دەرئەنجام لە رووی تیۆری و پراکتیکی هاوکێشەیەکی ئاڵۆزی لێدەکەوێتەوە بۆ کاتی دامەزراندن و پاشتریش, بە شێوەیەك بەستنەوە وپەیوەستکردنی سەرۆکایەتی کردنی سێ دامەزراوەی دادوەری لەسەر ئاستی فیدرالی لە یەك کەسدا کۆدەبێتەوە لەبەر ئەوەی بە پێی فەرمانی هاوپەیمانان ژمارە 35ی ساڵی 2003 پێش بەرکاربوونی یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە 2004 سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە لە هەمان کاتدا دەبێتە سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری[25],

---

[22] د. ازهار هاشم أحمد الزهيري، الرقابة على دستورية الأنظمة والقرارات الإدارية، المركز العربي للنشر والتوزيع، القاهرة، مصر، 2016، ص184 و 185 . و فرمان درويش حمد ، سەرچاوەی پێشوو ، ل61.

[23] ) د. شورش حسن عمر , ضوابط استقلال المحكمه الإتحادية العليا في العراق من حيث التشكيل (دراسة مقارنة) ، مجلة كلية القانون للعلوم القانونية والسياسية، جامعة كركوك، العدد/21، 2017، ل436.

[24] مەرسومی کۆماری ژمارە 61 لە 2009/5/26 تایبەت بە دامەزراندنی دادوەران (خليل إبراهيم خليفة و سامي حسين المعموري) لە دادگای باڵای فیدرالی وەك ئەندامی یەدەگ (إحتياط) . بروانە : مدحت المحمود، سەرچاوەی پێشوو ، ل80 .

[25] مادەی (2) لە فەرمانی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان (دامەزراندنەوەی ئەنجومەنی دادوەری) ژمارە 35ی ساڵی 2003 .

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و بە پێی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە 2004 و پاش پێکهێنانی دادگای باڵای فیدرالی سەرۆکی دادگاکە دەبێتە سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای دادوەری[26] ئەمانە هەمووی جێگای تێبینین لە کاتێکدا کە سەرۆکی ئەنجومەن لە میانەی پاڵاوتن و پاشان لە بڕیاری ئەنجومەنی سەرۆکایەتی بە سەرۆکی دادگاکە دیاریدەکرێت. جگە لەوەش بوونی بەڕێوەبردنی ئەم پۆستە دادوەرییە هەستیارانە لەلایەن کەسێکەوە ئەگەری کاریگەری هەیە لەسەر پاراستنی بێلایەنی دادگا بە هۆی ئەگەری خودی دەسەڵاتی دادوەری بە لایەن لە داوایەکی دەستوری یاخود بوونی بەرژەوەندییەك لە دەرەنجامی یەکلایکردنەوەی داوایەکدا بەدی بکرێت[27], هەروەها بە پێی یاسای دادبینی شارستانی دەبێتە فەراهەمکردنی یەکێك لە هۆکارەکانی ڕەتکردنەوەی زۆرەملێی دادوەر لەو داوایانە[28]. جگە لەوەی کارو بەڕێوەبردنی هەر یەکێك لەم دامەزراوە دادوەرییانە پێویستی بە خۆتەرخانکردنی تەواو هەیە[29].

ئەم تێبینیانە سەبارەت بە کۆکردنەوەی پۆستی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی دادوەری و دادگای باڵای فیدرالی خودی سەرۆکی هەردوو دەزگاکە بۆ وەڵامدانەوە پێگەی دادگای باڵای فیدرالی بە بەرزترین ئاستی دامەزراوە دادوەرییە فیدرالییەکان بە پاساو دادەنێت بۆ وەرگرتنی سەرۆکایەتی کردنی ئەنجومەنی باڵای دادوەری جگە لەوەی نمونە هێنانەوەی هاوشێوەی ئەم حاڵەتە لە دەوڵەتانێکی وەك ئوردن و کوەیت و سوریا بۆ ئاسایی بوونی دەکاتە بەڵگە[30].

---

[26] مادەی (45) لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە 2004.

[27] بە پێی بڕیاری دادگای باڵای فیدرالی ژمارە 87/اتحادية/2012اعلام/2013 لە 2013/9/16. یاسای ئەنجومەنی باڵای دادوەری ژمارە 112ی ساڵی 2012. بە نادەستوری بوون هەڵوەشێنرایەوە، دەرئەنجام سەرۆکی دادگای باڵای فیدرالی کە بە هۆی ئەو یاسایەوە لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی باڵایێ دادوەری دوورخرایەوە، دووبارە گەڕایەوە بۆ سەرۆکایەتی کردنی ئەنجومەنی ناوبراو. بڕیاری دادگا وەرگیراوە لە پێگەی ئەنجومەنی باڵای دادوەری : https://www.iraqfsc.iq/krarat/1/2013/87_fed_2013.pdf ، بەرواری سەردانیکردن: 2018/1/15

[28] مادەی (4/91) لە یاسای دادبینی شارستانی ژمارە 83ی ساڵی 1969. بڵاوکراوەتەوە لە ڕۆژنامەی وەقایعی عێراقی ژمارە 1766 لە 1969/11/10.

[29] على هادى عطية الهلالى، النظريه العامه فى تفسير الدستور وإتجاهات المحكمة الإتحادية العليا، الطبعة الأولى، منشورات زين الحقوقية، بيروت، مكتبة السنهورى، بغداد، 2011، ل186، 187 .

[30] مدحت المحمود، سەرچاوەی پێشوو ، ل72.

بەڵام جارێکی دیکەش پێمان وایە وەڵام و بەڵگەکانیش جێگای تێبینین، سەبارەت بە پێگەی دادگای باڵای فیدرالی هیچ دەقێکی دەستوری یان یاسایی ئاماژە بە هەژمارکردنی بە بەرزترین دەزگای دادوەری بکات بەردەست نییە. پاشان ئەو دەوڵەتانەی کە سەرۆکی دادگاکە بە نمونەی هاوشێوە باسی بوونی حاڵەتی سەرۆکایەتی کردنی زیاتر لە یەك دامەزراوەی دادوەری لەلایەن کەسێکەوە کردووە،بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە هیچ یەکێکیان سیستەمی سیاسی وفەرمانڕەوایی شێوەی دەوڵەت و پێکهاتەی دامەزراوە دەستورییەکانیان هاوشێوەی عێراقی پاش رێکخستنی دەستوری 2004 نین[31].

**1_2 پێکهێنان و پێکهاتەی دادگای باڵای فیدرالی لە رێکخستنی دەستوری 2005:**

لە میانەی پرۆسەی رێکخستنی دامەزراوە دەستورییەکان بە تایبەتی لەسەر ئاستی دەسەڵاتەکانی فیدرالی لە دەستوری 2005 ولە چوارچێوەی دەسەڵاتی دادوەری فیدرالی پێکهێنانی دادگای باڵای فیدرالی ناسێنرا وەك دامەزراوەیەکی دادوەری سەربەخۆ لە رووی کارگێری و دارایی بۆ پیادەکردنی ئەو تایبەتکارییە دیاریکراوانەی تیایدا ئەژمار کراون[32].

لەگەڵ ئەوەدا کە پرۆسە و دیاریکردنی میکانیزم و لایەنە پەیوەندار و بەشدارەکان لە پێکهێنانی دادگاکە بە دەسەڵاتی یاسادانانی فیدرالی و بە دیاریکراوی ئەنجومەنی نوێنەران راسپێردبوو، دەکرێت لە چوارچێوەی رێکخستنی دەستوری بۆ پرۆسەی یاسادانان لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە باس لەلایەنە پەیوەندار و بەشدارەکانی پێکهێنانی دادگاکە بکەین پاشان لە پێکهاتەی ئەندامەکانی:

---

[31] بروانە: مادەی (2)دەستوری کۆماری عەرەبی سوریا 2012، و مادەی (1) لە دەستوری شانشینی ئوردون 1952، و مادەی (4) لە دەستوری دەوڵەتی کوەیت 1962.

[32] مادەی (92_95) لە دەستوری کۆماری عێراق 2005 .

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**1_2_1 لایەنە بەشدارەکانی پێکهێنانی دادگای باڵای فیدالی :**

دەقی مادەی 92 لە دەستوری 2005 ئەنجومەنی نوێنەران بە تەنها لایەنی رێکخەر و پێکهێنەری دادگاکە دیاریدەکات لە رێگای دانانی یاسایەکی فیدرالی، بەڵام لەسەرنجدان لە پرۆسەی یاسادانان وپەیوەندی بە دەسەڵاتی جێبەجێکردن بۆ پەسەندکردن ودەرکردن سەرۆکایەتی کۆماریش تێدا بەشدار دەبێت[33]، کەواتە دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە رێگای سەرۆکایەتی کۆمارەوە بە لایەنێکی تری بەشداری پرۆسەی پێکهێنانی دادگاکە هەژمار دەکرێت.
بەڵام سنوری دەسەڵاتیان لە بەشداری کردنیان لە پرۆسەی پێکهێنانی دادگاکە بە پێی دەقی دەستوری ئاماژە پێکراو وئەو تایبەتکارییانەی پێیان بەخشراوە لە کۆی پرۆسەی یاسادانان و لە قۆناغە جیاوازەکانی بەرکاربوونی دەستوری 2005 پێویستە بە وردەکارییەوە بۆ هەریەکێکیان _ ئەنجومەنی نوێنەران و سەرۆکایەتی کۆمار_ لێکدانەوەی بۆ بکرێت لە دوو خاڵی جیاوازدا بەم شێوەی خوراەوە:

**یەکەم / ئەنجومەنی نوێنەران** : ئەرك و رۆڵی ئەنجومەنی نوێنەران لە پرۆسەی پێکهێنانی دادگای باڵای فیدرالی لە سنوری چوارچێوەی رێکخستنی دەستوری و یاسایی بۆ پێکهێنانی دادگاکە چوارچێوەکراوە بە دیاریکردنی ژمارەی ئەندامانی دادگا وشێوازی هەڵبژاردنیان وبەهەمان شێوە بۆ کاری دادگا، سەرەرای دیاریکردنی رێژەی دەنگدان بۆ یاسای رێکخەر وپێکهێنەری دادگاکە بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران[34]. هەڵبەتە دیاریکردنی ئەنجومەنی نوێنەرانیش بە دانانی یاسایەك بۆ دامەزراوەیەکی دەستوری لەسەر ئاستی فیدرالی بەشێکە لە تایبەتکارییە ئەژمارکراوەکانی ئەنجومەنی نوێنەران وەك تاکە دامەزراوەی دەستوری تایبەتکار بە دانانی یاسا فیدراڵییەکان [35].

**دووەم/ سەرۆکی کۆمار** : رێکخستنی دەستوری 2005 جیاواز لە رێکخستنی دەستوری لە قۆناغی گواستنەوە پێش خۆی تایبەت بە دادگای باڵای فیدرالی لە دیاریکردنی رۆڵی راستەوخۆی

---

[33] مادەی (373/ سێیەم ، 138/ پێنجەم) لە دەستوری کۆماری عێراق 2005.
[34] مادەی (92) لە هەمان دەستوری پێشوو .
[35] دەقی مادەی (61) لە هەمان دەستوری پێشوو : ( يختص  مجلس النواب بما يأتي : أولا : تشريع القوانين الإتحاديه . ......)

ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆمار لە دیاریکردنی ئەندامان و بڕیاری دامەزراندنیان, تەنها لە ڕێگەی بەشداری بە شێوەیەکی گشتی لە پرۆسەی یاسادانان پشکداری کراوە بە پەسەندکردن و دەرکردنی یاسای فیدرالی، سەرەرای ڕەتکردنەوە وگەڕاندەوەی بۆ ئەنجومەنی نوێنەران. بەڵام سنور و قەبارەی بەشداری کردن و کاریگەری و لێکەوتەی بڕیارەکانی لەو پرۆسەیەدا لە دوو قۆناغدا دیاریکراوە بە پێی ڕێکخستنی دەستوری بۆ پێگە و پێکهاتەی سەرۆکایەتی کۆمار کە بریتی بوون لە :

**قۆناغی یەکەم/ ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆمار**: هاوشێوەی سەرۆکایەتی کۆمار لە قۆناغی گواستنەوە لە چوارچێوەی ڕێکخستنی دەستوری 2004 [36] تەنها لە خولی یەکەمی پاش بەرکاربوونی دەستوری 2005 سەرۆکایەتی کۆمار وەك بەشێك لە دەسەڵاتی جێبەجێکردنی فیدرالی لە ئەنجومەنێك پێکهاتووە لە سەرۆك و دوو جێگر، لە ڕێگای پیادەکردنی تایبەتکارییەکان و دەرکردنی بڕیارەکانی بە کۆی دەنگ بەشداربوو لە پرۆسەی یاسادانان بە پەسەندکردن و دەرکردنی یاسا دانراوە ڕەوانەکراوەکان بۆی لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە لە ماوەی دە ڕۆژدا, یان ڕەتکردنەوەی بۆ جاری یەکەم و دووەم, و لەئەگەری دەنگدانی ئەنجومەنی نوێنەران لە دواجاردا بە زۆرینەی سێ لەسەر پێنجی ژمارەی ئەندامانی مافی ڕەتکردنەوە لەلایەن ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆمارەوە لەدەستدەدرا، ویاسای دانراویش بە پەسەندکراو هەژمار دەکرا[37].

**قۆناغی دووەم / سەرۆکی کۆمار**: لە بەرئەوەی قۆناغی یەکەم بە هەڵاوێرد هەژمار دەکرێت بەهۆی پەیوەست کردنی بە کاتێکی سنوردار بە یەك خولی هەڵبژاردن[38] وڕێکخستنی دەستوری 2005 بۆ پێگە و پێکهاتە و تایبەتکارییکانی سەرۆکی کۆمار بە شێوەیەکی بنەرەت لە مادەکانی (64_ 75) و تیایدا ڕێکخراوە و سەرۆکی کۆمار بەشدار دەبێت لە پرۆسەی یاسادانان تەنها لەیەك حاڵەتدا کە پەسەندکردن ودەرکردنێتی لە ماوەی پانزە ڕۆژدا، واتە نە مافی ڕەتکردنەوەی لە بەردستدا مایەوە نە بەتێپەربوونی ماوەی ئاماژەپێکراو

[36] مادەی (35_39) لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە 2004 .
[37] مادەی (138) لە دەستوری کۆماری عێراق 2005.
[38] هەمان مادە لە هەمان دەستوری پێشوو .

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تایبەتکارییەکی جیای بۆ دیاریکراوە[39]. هەربۆیە بە بەشداریکردنێکی سنوردار و شێوەیی و ڕێککاری هەژمار دەکرێت وبڕیارەکانی لە پەسەندکردن و پێچەوانەکەی کاریگەری و لێکەوتەی یاسایی لێناکەوێتەوە.

## 1_2_2 پێکهاتەی دادگای باڵای فیدرالی لە ڕێکخستنی دەستوری 2005

دیاریکردنی پێکهاتەی دادگای باڵای فیدرالی لە ڕێگەی حوکمە دەستورییەکانی 2005 لە ڕووی دیاریکردنی ناسنامەی ئەندامان و پێکهێنەران هیچی بۆ ڕێکخستنی یاسایی نەهێشتۆتەوە جگە لە دیاریکردنی ژمارە و چۆنیەتی هەڵبژاردنیان, بە دیاریکراوی پێکهاتەی ئەندامان بریتییە لە :

- دادوەران .
- شارەزایان لە فیقهی ئیسلامی .
- شارەزایان (الفقهاء) لە یاسا .

بەڵام وردەکاری و یەکلاییکردنەوەی بابەتەکانی ژمارە و چۆنیەتی دیاریکردنی مەرجەکانی پاڵێوراوان و هەڵبژاردن و دامەزراندنیان، و هەموو ئەو بابەتانەی پەیوەندارە بەکارکردنی دادگاکە بەجێهێڵراوە بۆڕێکخستنی یاسایی، ئەویش لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی ژمارەی ئەندامەکانی[40].

سەرەرای پێویست بوونی ئەم دادگایە وهەنگاونانی یاسادانەری دەستوری لە جێگای دروستدا بۆ پێکهێنانی بەڵام لە ڕووی دیاریکردنی لایەنە بەشدارەکانی پێکهێنان وپێکهاتەکەیەوە وچۆنیەتی ڕێکخستنی وردەکاری لە ڕێگای یاساوە چەند تێبینی و سەرنجێك دەخەینە روو :

**یەکەم** / سەرەرای دیارینەکردنی ژمارەی ئەندامانی دادگا جیاواز لە زۆرێك لە یاسادانەرانی دەستوری دەوڵەتان[41]، کە وا دەکات جۆرێك لە ناسەقامگیری و بوونی کاریگەری لە سەر سەربەخۆیی

---

[39] مادەی (73/ سێیەم) لە هەمان دەستوری پێشوو.
[40] مادەی (92/ دووەم) لە هەمان دەستوری پێشوو.
[41] مادەی (1/119) لە دەستوری گواستنەوە سودان 2005 ، مادەی (1/167) لە دەستوری باشوری ئەفریقا 1966، مادەی (1/159) لە دەستوری ئیسپانیا ، مادەی (96) لە دەستوری ئیمارات ، مادەی (1/124) لە دەستوری هند

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بوون بهێنێته کایەوە و بوار برەخسێنێت بۆ دەسەڵاتی یاسادانان گۆرانکاری بەردەوام لە میانەی پیادەکردنی تایبەتکارییەنەوە لە هەر کاتێکی ویستراویدا بکات لە ژمارەیاندا[42]. رێژەی ژمارەی ئەو سێ پۆلە (دادوەران و شارەزایانی فیقهی ئیسلامی و یاسایی) لە ئەندامانی دادگاش دیارینەکراوە، واتە پێویست بە فەراهەم کردنی هاوسەنگی ڕاگرتن لە نێوانیاندا هەیە لە رووی ژمارەوە یان رێگە دراوە بە لاسەنگ بوونی لایەك بەسەر دوولایەنی تر یان لایەنێکیاندا لەرووی ژمارەوە ؟[43]، و دەرئەنجام ئەگەری کاریگەری بوونی دەبێت بەسەر ئاراستەی کار و پیادەکردنی تایبەتکاری دادگاکەدا، بە تایبەتی کاتێك کە دەنگدان بۆ بریاردان و یەکلاییکردنەوەی کێشەکان رێژەی ئاسایی پێویست بێت (زۆرینەی سادە).

**دووەم /** بوونی ئەندامانێکی نادادورەی و رۆڵیان لەو دادگایەدا و نەگونجانی لەگەڵ سروشتی کاری ئەم دامەزراوە دادوەرییە جێگای تێبینی و بۆچوونی جیاوازە, لە کاتێکدا جگە لەوەی ناوی دامەزراوەکە و ناساندنی بە دەستەیەکی دادوەری وەك بەشێك لە دەسەڵاتی دادوەری فیدرالی کاری ئەم دادگایە لە بریاردان و یەکلایی کردنەوەی کێشەکان سروشتێکی دادوەرییە، لە کۆی ژمارەی پێکهاتەی ئەندامانی لە سێ بەشدا تەنها یەکێکیان بە دادوەران دیاریکراون و دوو پۆلەکەی تر بریتیین لە شارەزایانی (یاسایی و فقهی ئیسلامی).

تێبینییەکان خۆیان دەبیننەوە لە گونجاو نەبوونی کاری دادوەری وئەندامبوونی کەسانێك کە دادوەر نین بۆ پیادەکردنی تایبەتکارییەکانی دادگا لە بەرئەوەی دادگای باڵای فیدرالی دامەزراوەیەکی دادوەرییە و گرێدان و کارایی کردنی تەنها لە رێگای دادوەرانەوە دەبێت و شارەزایان هیچ زانیاری و ئاشنایەتییەکی کردارییان بە کاروباری تایبەت بە دادبینی نییە[44]،

[42] صلاح خلف عبد، المحكمة الإتحادة العليا فى العراق، تشكيلها واختصاصاتها (دراسه مقارنة)، جامعه النهرين ، كلية الحقوق، 2011، ل34.

[43] على هادى عطيه الهلالى،النظرية العامة فى تفسير الدستور و اتجاهات المحكمة الإتحادية العليا، الطبعه الأولى، منشورات زين الحقوقية، مكتبه السنهورى، بغداد،2011، ل193.

[44] هادى عزيز على، فقهاء الفقه الإسلامى والخشية من إستقلال القضاء، وەرگیراو لە پێگەی ئەلیکترۆنی ئەنجومەنی دادوەری عێراق : /ht t ps:/ / www.i r aqj a.i q/ vi ew.2846 . (کاتی سەردانیکردن : 2018/1/18 ).

سەرەرای ئەوە سەربەخۆیی و بێلایەنی دوو سیفەتی پەیوەستن بە کاری دادوەری ودادوەران و کارێکی تارادەیك ئاستەمە لە دوو پۆلەکەی تردا فەراهەمبێت[45]، جگە لەوە وەك بنەمای گشتی لە تایبەتکاری دادوەریدا رۆڵی ئەو شارەزایانە لە دادگاکاندا چوارچێوە کراوە بە وەرگرتنی بۆچوون وبیستنی راوێژەکانیان وناکرێت ببن بە رەگەزێکی یەکلاییکەرەو و بریاردەر و مافی دەنگدانیان هەبێت, بە هۆی جیاوازی سروشتی کاری دادوەر وشارەزا لە بوارێکی دیاریکراو[46]. هەرچەندە پشتگیریکاری ئاراستەی پەیرەوکراوی یاسادانەری دەستوری پشتدەبەستن بە چەند بەڵگەیەك گرنگترینیان ناوەرۆکی تایبەتکارییەکانی دادگای باڵای فیدرالییە بەتایبەتی چوارچێوەی چاودێری کردنی یاساکان لە هاوکۆك بوون لەگەڵ بنەما جێگیرەکانی ئیسلام و بنەماکانی دیموکراتیەت کە وادەخوازێت هەموو ئەندامانی دادگا لەهەر سێ پۆلەکە لەیەك ئاستی بریاردان و پیادەکردنی تایبەتکارییەکاندا بن[47].سەرەرای بوونی ئەزمونی هاوشێوە لەوانە دادگای دەستوری ئیسپانیا لە ئەندامبوونی دادوەران و مامۆستایانی زانکۆ وفەرمانبەرانی یاسایی وپارێزەران لە پێکهاتەی دادگای دەستوریدا[48].

جگە لەوانە هیچ پێوەر یان چوارچێوەیەکی دیاریکاری شارەزاییی روون نەکردۆتەوە لە دەقی دەستوریدا لەبەر ئەوە ئەگەری کێشە و لێکدانەوەی جیاواز دەکرێت لە بەدیارخستن و دیاریکردنی شارەزایان لە کاتێکدا کە رێگاکانی بەدەست هێنانی پێوەری دیاریکردنی شارەزایی لە فیقهی ئیسلامی جیاوازن, ئایا لە رێگای بروانامەی ئەکادیمی بێت یان نوسین و بەرهەمی نوسراوی زانستی یاخود قوتابخانە وشوێنە ئاینیەکانە؟ سەرەرای بوونی چەندین مەزهەب وئاراستەی ئاینی جیاواز, بەهەمان شێوەش بۆ شارەزا ویاساناس مەبەست لێی ئەزمونی

---

[45] بە پێی دەقی مادەی (98) لە دەستوری کۆماری عێراق رێگری کراوە لە دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی هاوکات لە گەڵ کاری دادوەری کاری یاسادانان و جێبەجێکردن یان هەرکارێکی تر پیادە بکەن ، سەرەرای رێگەنەدانیان بە ئەندامێتی لە پارت یان رێکخراو یان هەڵسان بەهەر چالاکییەکی سیاسی .

[46] هادی عزیز علی ، خبراء فی الفقه الإسلامی وعضوية المحكمة الإتحادية العليا ، منشورات المؤتمر المدنی للوحدة الوطنية المنعقد فی بغداد فی 2007/3/24 ، وەرگیراو لە پێگەی ئەلیکترۆنی: http://www.iraqi-alamal.org/uploads/pdf/Old%20web%20site%20PDF/interlacing/Jurisprudence%20experts.pdf (کاتی سەردانیکردن: 2018/1/18 ).

[47] عبدالرحمن سليمان زيباری، السلطة القضائية فی النظام الفدرالی_دراسة تحليلية مقارنة_ أطروحة دكتوراه، جامعة صلاح الدين، كلية القانون والسياسة، 2008، ل160.

[48] مادەی (2/159) لە دەستوری ئیسپانیا 1978.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەكاديمی وئاستی بەرزی زانستی مامۆستایانی زانكۆ یاخود ئەزمونی پراكتیكی دادوەری پارێزەران وفەرمانبەرە یاساییەكان دەگرێتەوە؟[49].

لەگەڵ بۆچوون و خوێندنەوەی جیاواز لە ئەندامێتی بوونیان لەو دادگایە بە بۆچوونی ئێمە جێگای لێكدانەوەی دوور لە دەستەواژەی دیاریكراو هەڵناگرێت سەبارەت بە مافی دەنگدان, بە پێچەوانەوە دەرچوونە لەویستی یاسادانەری دەستوری, لەبەر ئەوەی ئەگەر تەنها رۆڵ و ئەركیان راوێژ بێت ئەوا پێویست بە ئەندامبوونی ناكات و وەك تەواوكاری دادوەری دەكرێت دادوەر لە میانەی گەیشتن بە بریاری دروست لە هەڵسەنگاندن و بەدەستخستنی زانیاری یاخود دروستی زانیاریی وخەملاندنەكان پشت ببەستێت بە شارەزایانی بوارە پەیوەندارەكان بەبابەتی داوا, وەك چۆن لە چەندین یاسا رێگەدراوە دادگا پەنابات بۆ شارەزایان بە مەبەستی سوود وەرگرتن و پشت بەستن بە زانیاری و ئەزمونیان[50], تەنانەت لە پەیرەوی ناوخۆی خودی دادگای باڵای فیدرالی رێگەی داوە بە وەرگرتنی بۆچوونی شارەزایان بەڵام تەنها وەك راوێژ [51].

سەبارەت بە رێكخستنی دەنگدان و چۆنیەتی هەژماركردنی لە داواكاندا بە پێی جۆر و جیاوازی تایبەتكارییەكان دیاری بكرێت, بەنمونە دەنگدانیان پێویست نەبێت و هەژمارنەكرێت لە كارو تایبەتكارییەكی دادوەری تەواودا وەك یەكلایی كردنەوەی ناكۆكی تایبەتكاری دادوەری نێوان دادگاكان، بەڵام گەیشتن بە ویستی یاسادانەری دەستوری لە میانەی راڤەی دەقی دەستوری یان چاودێری هاوكۆك بوونی یاساكان لەگەڵ بنەماكانی ئیسلام پێویست بە ئەندامانی شارەزا دەبێت وەك بڕیاردەر نەك پێدانی بۆچوون. ودەكرێت ئەم وردەكارییە جێگەی ببێتەوە لەو رێكخستنەی بە پێی یاسای پێكهێنەری دادگاكە دیاری دەكرێت بۆ كاری دادگا لەمیانەشیدا

---

[49] سالم روضان الموسوی ، تشكيل المحكمة العليا فی العراق بين الدستور والقانون_قراءه تحليلية ونقدية_ ، وەرگیراو لە پێگەی ئەلیكترۆنی:. http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=158837 (كاتی سەردانیكردن: 2018/1/18 ).

[50] مادەی (140/دووەم) لە یاسای سەلماندن ژمارە 137ی ساڵی 1979ی هەمواركراو. و مادەی (2) لە یاسای شارەزایان لەبەرامبەر دادوەران ژمارە 163ی ساڵی 1964 ی هەمواركراو .

[51] دەقی مادەی (14) لە پەیرەوی ناوخۆی دادگای باڵای فیدرالی ژمارە 1 ی ساڵی 2005 ، بڵاوكراوە لە وەقایعی عێراقی ژمارە 3997 لە 2005/5/2 ( إذا اقتضى موضوع الدعوى الإستعانة برأي المستشارين لديها أو خبراء من خارجها فتقرر الإستعانة بهم ويكون رأيهم استشاريا).

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چۆنیەتی دەنگدان و رێژەی هەژمارکراوی پێویست بۆ بریاردان، وەك چۆن لە دەقی برگەی دووەم لە مادەی 92 دا هاتووە : (یحدد عددهم وتنظم طریقة اختیارهم وعمل المحكمة بقانون ).

## 2_ کێشە پەیوەندارەکان بە پێکهێنان و پێکهاتەی دادگای باڵای فیدرالی

لە کاتێکدا ئەم دادگایە لە ماوەی پێکهێنانی و تێپەربوونی بە رێکخستنی دەستوری ویاسایی ولە چاوەروانی بۆ رێکخستنی یاسایی نوێ وجیاوازی هەندێك لە تایبەتكارییە ئاماژەپێکراوەکان وهاوبەشبوونی لە هەندێکی تردا وهەڵوەشاندنەوەی رێکخستنی یەکەم_یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراقی 2004_ لە پاش رەزامەندی گەل لە راپرسی بۆ دەستور و پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراقی[52]، کەواتە لە پاش بەرکاربوونی دەستوری2005[53], رێکخستنێکی یاسایی و دەستوری بوونیان هەیە بۆ پیادەکردن لەلایەن دادگای باڵای فیدرالی، یەکەمیان بریتییە لە یاسای دادگای باڵای فیدرالی ژمارە 30 ساڵی 2005 کە پاڵپشتە دەستورییەکەی هەڵوەشاوەتەوە، دووەمیان دەستوری بەرکاری 2005. هەربۆیە لە رووی پراکتیکییەوە ئەگەر بروانینە بریارەکانی دادگای باڵای فیدرالی بۆ دیاریکردنی پاڵپشتی دەستوری و یاسایی لە پیادەکردنی تایبەتکارییەکانی ئاماژە بە مادەی نەوەت و سێی دەستوری 2005 ومادە چواری یاسای دادگای باڵای فیدرالی دەکات. لەبەر ئەوە دەبینین ئەم بابەتە بووەتە کێشە و تێبینی وجێباسی توێژەران و یاساناسان وبەشێك لە بەشدارانی پرۆسەی سیاسی لە عێراق

---

(52) دەقی مادەی مادەی (143 و 144) لە دەستوری کۆماری عێراق 2005: (یلغى قانون إدارة الدولة العراقیة للمرحلة الإنتقالیة وملحقه عند قیام الحكومة الجدیدة، باستثناء ما ورد فی الفقرة (أ) من المادة (53) والمادة (58) منه، ) (یعد هذا الدستور نافذا بعد موافقة الشعب علیه بالاستفتاء العام ونشره فی الجریدة الرسمیة وتشكیل الحكومة بموجبه).

(53) کاتی بەرکاربوونی دەستوری 2005 بە پێی کاتی پێکهێنانی حکومەتی نوێ دەکاتە رێکەوتی 2006/5/20 . بروانە : پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (6)ی لە وەرزی یەکەمی ساڵی یاسادانانی ئەنجومەنی نوێنەران، رێکەوتی 2006/6/20. وەرگیراوە لە پێگەی ئەلکترۆنی ئەنجومەنی نوێنەران : http://parliamentiraq.com/Iraqi_Council_of_Representatives.php?name=articles_ajsdyawqwqdjasdba46s7a98das6dasda7das4da6sd8asdsawewqeqw465e4qweq4wq6e4qw8eqwe4qw6eqwe4sadkj&file=showdetails&sid=463.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وتەنانەت لە دەربڕینی گومان لە دروستی پێکهێنان وپێکهاتە وپیادەکردنی تایبەتکارییەکان وروو بەرووکردنەوە و ئاراستەکردنی بۆ خودی دادگا لە میانەی داوایەکی راڤەکاریدا _ لەم باسەدا روونی دەکەینەوە_ .

بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوەی ئەو کێشە و تێبینییانە و وردەکاری پاساو وبەڵگە جۆراو جۆرەکانی بۆچوونە جیاوازەکان بە پۆلێنکردنی کێشەکانی پەیوەندار بە پیادەکردنی تایبەتکارییەکان لە رووی پێکهێنان و پێکهاتە و جۆری تایبەتکارییەکان دەخەینە روو، پاشان بەدیارخستنی بۆچوونی دادگای باڵای فیدرالی لەوبارەوە لە کۆتاییاندا دیارخستنی بۆچوون و تێبینییەکانمان بەم شێوەی خوارەوە :

## 1_2 کێشە پێکهێنان و پێکهاتەی دادگا :

لە دیاریکردنی بنەرەتی پێکهێنانی دادگای باڵای فیدرالی بڕگەی (أ)ی مادە چل و چواری یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی راگوزەری 2004[54], بە پاڵپشتی دەستوری هەژمار کراوە وەك چۆن لە یاسای دادگای باڵای فیدرالی ژمارە 30 ی ساڵی 2005دا لە پێشەکییەکەیدا ئاماژەی پێکراوە [55] لەبەرئەوە ئەم کێشەیە بۆچوونێك دێنێتە ئاراوە کە پێی وایە بە هەڵوەشاندنەوەی یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە لە ساتی بەرکاربوونی دەستوری 2005 دادگاکە بنەرەتی دەستوری لەدەستداوە و بە هەڵوەشاوە هەژمار دەکرێت [56]، دەرئەنجام دامەزراوەیەکی هەڵوەشاوە ناتوانێت پیادەی هیچ جۆرە تایبەتکارییەك بکات .

---

[54] دەقی مادەی (44/أ) لە یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە 2004 : ( یجری تشکیل محکمة فی العراق بقانون وتسمى المحكمة الإتحادية العليا ).

(55) دەقی پێشەکی یاسای دادگای باڵای فیدرالی ژمارە 30ی ساڵی 2005 : ( استنادا إلى أحكام مادة الرابعة والأربعين من قانون إدارة الدولة العراقية للمرحلة الإنتقالية والقسم الثانى من ملحقه، وبناء على موافقة مجلس الرئاسة، قرر مجلس الوزراء إصدار الأمر الآتى:)

[56] د. مها بهجت يونس، المحكمة الإتحادية العليا واختصاصها بالرقابة على دستورية القوانين، مجله كلية الحقوق، جامعه النهرين، العدد: 11, 2008 , ل 159 .

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەبەرامبەر ئەم كێشەیە بۆچوونێكی تر هەیە و بنەرەتی پێكهێنانی بۆ یاسای دادگای باڵای فیدرالی ژمارە 30 ی 2005 دەگەڕێنێتەوە و بە یاسایەكی بەركاریشی هەژمار دەكات بە بەڵگەی دەقی مادەی سەدو سی لە دەستوری 2005 كە یاسابەركارەكان بە جێبەجێكراوی دەهێڵێتەوە بە مەرجێك هەموار یان هەڵنەوەشێتەوە بە پێی حوكمەكانی خودی دەستوری 2005[57]، واتە تا ئەو كاتەی یاسایەكی تری هاوشێوەی تایبەت بە پێكهێنان و رێكخستنی كاری دادگای باڵای فیدرالی هیچ كێشەیەكی یاسایی و دەستوری بۆ دادگاكە بەدی ناكرێت[58]. هەندێكی تر پێیان وایە دەستوری 2005 پاڵپشتی دەستورییە بۆ یاسای دادگای باڵای فیدرالی پاش هەڵوەشاندنەوەی یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە 2004 ئەویش بە پێی مادەی 130 ی دەستوری 2005 كە پێشتر ئاماژەمان پێكرد-بە هۆی نەبوونی دەقێكی روون بە هەڵوەشاندنەوەی یاساكە[59]. ئەمە جگە لەوەی لە رووی پراكتیكەوە دادگاكە لە كاتی پێكهێنانیەوە بە بەردەوامی پیادەی تایبەتكارییەكانی كردووە وچەندین بریاری یەكلایی كەرەوەی دەركردووە[60].

سەبارەت بە پێكهاتەی دادگاش بابەتێكی نكۆڵی لێنەكراوە كە پێكهاتەی ئەندامانی دادگای باڵای فیدرالی كە لە یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە و یاسای پێكهێنەری دادگاكە ژمارە 30 ساڵی 2005 لەگەڵ پێكهاتەی ئاماژە پێكراوی دادگاكە لە دەستوری 2005 جیاوازن لە رووی میكانزمی پاڵاوتن و دیاریكردن و سیفەتی ئەندامەكان بەتایبەتی لە یەكەمیان تەنها سنورداری كردبوو بە دادوەران بەڵام لە دووەمیاندا دادوەران بەشێكی پێكهێنەرن نەك تەواوی پێكهاتەكە، كە شارەزایانی بواری فیقهی ئیسلامی و یاسا لە خۆ دەگرن. ئەمەش وایكردووە كە بۆچوونێك بێنێتە كایەوە كە هەریەك لەو پێكهاتە جیاوازانە بۆ جۆری

---

[57] دەقی مادەی (130) لە دەستوری كۆماری عێراق 2005 : ( تبقى التشريعات النافذة معمولا بها ، ما لم تلغ أو تعدل وفقا لأحكام هذا الدستور) .

[58] فرمان درويش حمد، إختصاصات المحكمة الإتحادية العليا فى العراق، منشورات زين الحقوقية، بيروت، التفسير للنشر والإعلان، اربيل، 2013 ، ل85 ، 86 .

[59] سالم روضان الموسوى ، مدى صلاحية المحكمة الإتحادية العليا فى تفسير النصوص الدستورية، وەرگیراوە لە پێگەی ئەلكترۆنی: http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=221229 كاتی سەردانیكردن: 2017/11/13 .

[60] مكى ناجى، المحكمة الإتحادية فى العراق _ دراسة تطبيقية فى اختصاص المحكمة والرقابة التى تمارسها معززة بالأحكام والقرارات_ ، الطبعة الأولى، دار الضياء للطباعه والتصميم، النجف، 2007، ل126.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تایبەتکارییەکان دیاریکراون، واتە بەو پێکهاتەی پێشوو ناکرێت پیادەی تایبەتکارییەکانی نێو دەستوری 2005 پیادەبکات و دەرئەنجام لە دەستدانی لێکەوتەی یاسایی بڕیارەکانی لێدەکەوێتەوە[61].

## 2_2 کێشەی پیادەکردنی تایبەتکارییکان :

وەك لە پێشدا و لە چەندین وێستگەی بابەتەکانی پێشوو باسمان لەوە کرد بنەرەتی دەستوری پێکهێنانی دادگای باڵای فیدرالی رێکخستنی دەستوری 2004 بووە و لەمیانەی رێکخستنیدا بۆی تایبەتکارییەکانی دیاریکردووە، پاشان لە یاسای دادگای باڵای فیدرالی ژمارە 30 ی ساڵی 2005 هەر لەسەرەتاوە لە دیاریکردنی تایبەتکارییەکاندا چەند تایبەتکارییەکی جیاواز و زیاتری بۆ دادگاکە باسکردووە و لە سنوری رێپێدراوی یاسایی زیادەڕۆیی کردووە بە تایبەتی لە سەیرکردن و چاودێری لەسەر بڕیارەکانی دادگای کارگێری لەبەر ئەوەی تایبەتکارییەکانی دیاریکراوی دەستوری 2004 بواری ئەژمارکراون (حصرين ) و ناکرێت زیاد یان کەمبکرێنەوە، بە پێچەوانەوە بە نادەستوری هەژمار دەکرێت، پاشان بە هەمان شێوە سەبارەت بە تایبەتکارییە دیاریکراوەکان لە دەستوری 2005 ئەم تایبەتکارییە تێدا باس نەکراوە و دادگای باڵاش بەردەوام بووە لە پیادەکردنیدا ئەمەش بە بۆچوونی هەندێك کاری دادگای باڵا لەم بوارەدا بە نادەستوری هەژمار بکرێت [62].

ئەگەر هاوکێشەکە پێچەوانەش بکەینەوە لە تایبەتکارییە دیاریکراوەکاندا لە دەستوری 2005 نمونەی دیاریان راقەی دەقە دەستورییەکان لە رێکخستنی دەستوری 2004 و یاسای

---

[61] ضياء الساعدى ، المحكمه الإتحادية بين التشكيل الدستورى والحق فى ممارسة الإختصاصات القانونية، وەرگیراوە لە پێگەی ئەلکترۆنی ئەنجومەنی دادوەری عێراق: #/ht t ps:/ / www.i r aqj a.i q/ vi ew.1518 . کاتی سەردانیکردن: 2017/12/18 .

[62] د. ازهار هاشم احمد الزهيرى، الرقابه على دستوريه الانظمة والقرارات الإدارية، _دراسه مقارنة_المركز العربى للنشر والتوزيع، القاهرة، مصر، 2016، ل189. و على سعد عمران، إختصاص المحكمه الإتحادية العليا فى الرقابة على أحكام محكمة القضاء الإدارى، مجلة رسالة الحقوق، جامعة كربلاء، كليه القانون، المجلد الأول، العدد الثانى، 2009، ل138.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دادگای باڵا ی فیدرالی بوونی نەبووە و پیادەشدەکرێت لەلایەن دادگاکەوە و چەندین بڕیاری ڕاڤەکاری لەلایەن دادگاوە دەرکراوە[63].

بە ئاراستەی پێچەوانەی دیار خستنی ئەم کێشەیە بۆچوونی پشتگیریکاری ئەم دادگایە پێی وایە تەواوی ئەو تایبەتکارییانەی کە لەیاساکەیدا ئاماژەی پێکراوە هەروەها ئەوەی لە دەستوری 2005 دا هاتووە دەتوانێت پیادە بکات بە هۆی نەبوونی هیچ دەقێك کە ئاماژە بەهەڵوەشاندنەوەی بکات یان لەکاری بخات یان ڕێگری لە یەکێك لە تایبەتکارییەکانی بکات کە بۆ ئەو دادگایە دیاریکراوە[64].

لەگەڵ ئەوەدا بۆچوونێکی تر هەیە کە باس لە هەڵوەشاندنەوەی دادگاکە ناکات بە تایبەتکارییەکانیشیەوە بەڵکو پێی وایە کە دەقی دەستوری 2005 سەبارەت بە دادگای باڵای فیدرالی بە تایبەتکارییەکانیەوە بە هەموارکاری یاسای دادگای باڵای فیدرالی دادەنرێت بەبەڵگەی مادەی 130 لە دەستوری بەرکار، کە ئاماژە بەوە دەکات تەواوی ڕێسا یاساییە دانراوە بەرکارەکان بە کارپێکراوی دەمێننەوە مەگەر بە پێی حوکمەکانی دەستوری 2005 هەموار بکرێت یان هەڵبوەشێنرێتەوە، واتە لەبەر ئەوەی دەقی دەستوری پاشتر لە ڕووی کات کە 2005  بە ڕوونی باسی هەڵوەشاندنەوەی دادگای پێشووی نەکردووە ئەوا بە هەموارکاری هەژمار دەکات. بەڵام جارێکی تریش جۆری هەموار کردنەکە دوو ئەگەر لە خۆ دەگرێت یەکەمیان : هەموارکردن بە لابردن (الحذف) بە مانا یاسای پێشووی ڕێکخەری کاروباری دادگای باڵای فیدرالی بە تەواوی هەموار کراوە و تایبەتکارییەکانی لادراوە و دەقی دەستوری 2005 لە جێگا دانراوە، دووەمیان : هەموار کردن بە زیادکردن ( الإضافة ) واتە کۆی تایبەتکارییە ئاماژەپێکراوەکان لە هەردوو ڕێکخستنی دەستوری و یاسایی هەیە وەك خۆی دەمێنێتەوە و دادگاش پێویستە پیادەی بکات[65].

---

[63] ) بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدرالی و لە میانەیاندا بڕیارە ڕاڤەکارییەکانی دەستور لە پێگەی ئەلیکترۆنی فەرمی دادگاکە و ئەنجومەنی باڵای دادوەری لەبەردەستە : ht t ps:/ / www.i r aqf sc.i q/ et hadai .php ، ht t ps:/ / i r aqj a.i q/ et hadai .php

[64] سالم روضان الموسوی، مدى صلاحية المحكمة الإحادية العليا فی تفسير النصوص الدستورية ، سەرچاوەی پێشوو .

[65] علی هادی عطية الهلالی، سەرچاوەی پێشوو ، ل202.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 3_2 بۆچوون و کاری دادگای باڵای فیدرالی [66]:

لەگەڵ ئەوەدا کە لە رووی پراکتیکەوە دادگای باڵای فیدرالی لەسەرەتای پیادەکردنی تایبەتکارییەکانیەوە بۆ پاڵپشتی کاری دادوەری لە دەرکردنی بریارەکانی ئاماژە بە یاسای ژمارە 30 ی ساڵی 2005 و دەستوری 2005 دەکات و لە میانەشیدا تەواوی تایبەتکارییە دیاریکراوەکان لە دەستوری بەرکاردا بە تایبەتکاری راقەی دەستوریشەوە و دەرکردنی چەندین بریار، تا ئەوکاتەی بە شێوەیەکی فەرمی و لەیەکەم داواکاری لە دامەزراوەیەکی فیدرالی و لەرێگای داواکردنی بۆچوونی دادگا سەبارەت بە تەواوی ئەو کێشانەی لە پێشتر باسمان کرد لە رووی بنەرەتی پێکهێنانی دادگاکە و پێکهاتە جیاوازەکەی و پیادەکردنی تایبەتکارییەکانی ئاماژە پێکراو لە دەستوری 2005 سەرەرای دەرنەچوونی یاسای تایبەت بە دادگاکە [67].

دادگای باڵاش هەڵوێستی خۆی سەبارەت بە پێگەی دەستوری و یاسایی و بنەرەت و پاڵپشتی دەستوری بۆ بەردەوامبوون لە پیادەکردنی تایبەکارییەکانی لە رێگای پێدانی بۆچوون (الرأی)[68] و لە میانەی بریاری ژمارە 37 ی ساڵی 2010 لە 2010/4/14 بەم شێوەی خوارەوە دەخاتە روو :

**یەکەم/** سەبارەت بە پێکێنانی دادگاکە یاسای ژمارە 30 ساڵی 2005 بە بنەرەتی یاسایی هەژمار دەکات بۆ پێکهێنانی دادگاکە.

**دووەم/** سەبارەت بە پێکهاتەی ئەندامانی دادگاکە بە پێی مەرسومی کۆماری و پاڵاوتنی لەلایەن ئەنجومەنی باڵای دادوەری لە نێو دادوەرانی خاوەن توانای بەرزی دادوەری و فقهی ویاسایی دیاریکراون ئەمەش هەمان ئەو سیفەتە ویستراوانەیە کە دەستور داوای کردووە .

---

[66] بریاری دادگای باڵای فیدرالی ژمارە 37/اتحادية/2010 . وەرگیراوە لە پێگەی ئەلیکترۆنی دادگاکە: ht t ps:/ / www.i r aqf sc.i q/ kr ar at / 2/ 2010/ 37_f ed_2010.pdf

[67] بۆ زانیاری دەربارەی لایەنی داواکاری راقە و ناوەرۆك و هۆکار و وردەکاری بابەتی داواکراو بروانە هەمان بریاری دادگای باڵای فیدرالی پێشوو .

[68] دادگای باڵای فیدرالی لە پیادەکردنی تایبەتکاری راڤەکردنی دەستوردا لە هەندێك حاڵەتدا بە راڤە و لە هەندێکی تردا بە رونکردنەوەی بۆچوون بریارەکانی دەردەکات، لە کاتێکدا ئەگەر بە بریار هەژمار نەکرێت ئەوە پابەندی لەدەستدەدات لە بەرئەوەی دەقی مادەی 94 ی دەستوری بەرکاری 2005 تەنها ئاماژە بە بریار دەدات: ( قرارات المحكمة الإتحادية باتة وملزمة).

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**سێیەم/** سەبارەت بە تایبەتکارییەکان ئاماژە بە هەردوو مادەی چواری یاسای 2005 و مادەی 93 ی دەستوری 2005 دەکات، ئەوەش لەسەر بنەرەتی دیاریکردن و ئاماژەکردنی یاساکە بۆ تایبەتکارییەکان بە کراوەیی و سنودارنەکردنی (حصر) نەکردنی بە دەستەواژەیەکی کراوە: (تتولى المحكمة الإتحادية العليا المهام التالية) و نەك دیاریکردنی بە سنوردارکردن بەدەستەواژەی ئەم تایبەتکارییانەی لە یاساکەدا هاتوون: (تمارس مهامها المنصوص عليها فى هذا القانون )، واتە ئەو تایبەتکاریانەی لە یاساکەدا هاتووە و ئەوانەی دەستور و هەر یاسایەکی تر بۆی دیاری دەکات دەگرێتەوە.

**چوارەم/** سەبارەت بە بەردەوامبوونی دادگا لە کار وهەڵنەوەشاندنەوە وپیادەکردنی تایبەتکارییەکان پاڵپشت بە مادەی130 ی دەستوری 2005 بە بەرکار هەژمار دەکرێت وپێویستە خودی دادگا و دامەزراوەکانی تری دەوڵەت پێی پابەند بن. وە دەرنەچوونی یاسایەکی تایبەت بە دادگای باڵای فیدرالی بە پێی رێکخستنی دەستوری 2005 مانای ئەوە نییە ئەم دادگایە لەکار بکەوێت و تایبەتکارییەکان پیادە نەکات.

بۆ پشگیری و هێنانەوەی پاساوی یاسایی نمونەی کارپێکراوی دەوڵەتانی تر دەهێنێتەوە بە بێ دیاریکردن، پاشان چەند حاڵەتێکی تری هاوشێوە وەك دادگاکە دەهێنێتەوە کە یاسای نوێی بۆ دەرنەکراوە بەردەوامیان داوە لەکارکردن و لە کارنەکەوتوون و هەرچەندە دەستور رێکخستنی یاسایی بۆ پێویست کردووە بەنمونە پاڵاوتن و هەڵبژاردن و دیاریکردنی موچەی سەرۆکی کۆمار، بەهەمان شێوەش بۆ سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران.

هەروەها پێی وایە کە دامەزراوەکانی دەوڵەت بە بەرکاری دەمێننەوە و بەردەوام دەبن لە پیادەکردنی تایبەتکارییە دیاریکراوەکانیان لە یاساکانیاندا و هەرچی لە دەستوریشدا هاتووە تەنانەت تا ئەوکاتەی یاساکانیان هەموار دەکرێتەوە یان هەڵدەوەشێنرێتەوە بە پێی مادەی 130ی ساڵی 2005 ، ئەمەش بەمەبەستی بەردەوامی بەرێوەچوونی کاروباری دامەزراوەکان وسەقامگیری کاروباری دەوڵەت وبەرژەوەندی گەلەکەی. وە ئەگەر بە پێچەوانەی ئەو ئاراستە هەنگاو بنرێت ئەوا پرۆسەی یاسایی وسیاسی لە پەسەندکردنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران و پێکهێنانی حکومەت لە کاردەکەون، ئەمەش ناگونجێت لە گەڵ روح و ویستی دەستور و بەرژەوەندی دەوڵەت.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**بۆچوونمان:** پاش تێڕامان وخوێندنەوە ولێکدانەوەی تەواوی تێبینی وسەرنج ورەخنە ئاراستەکراوەکان بۆ دادگای باڵای فیدرالی لە رووی پێکهێنان وپێکهاتە وتایبەتکارییەکان لە میانەیاندا بۆچوونی دادگای باڵای فیدرالی، پێمان وایە هیچ یەکێك لەوانەی پێشتر ئاماژەپێکراون بەشێوەیەکی رەها جێگەی وەرگرتن ورەتکردنەوە نییە، لەهەردوو حاڵەتی بە نادەستوری وهەڵوەشاوە دانانی دادگا ودروست کردنی بۆشاییەکی دەستور لە دامەزراوە فیدرالییەکان، یان بە قەبوڵکردنی بێکێشەبوون وپیادەکردنی فراوانی تایبەتکارییەکانی دادگاکە لە کاتێکدا تەواوی پێکهێنان وپێکهاتە وتایبەتکارییەکانی هاوکۆك نین .هەربۆیە هەوڵ دەدەین بۆچوونمان بەکورتکراوی بخەینە روو لە چەند خاڵێکدا :

**یەکەم**/ دادگای باڵای فیدرالی ئاماژە پێکراو لە لە دەستوری 2005 هەمان ئەو دادگایە نییە کە ئێستا لە کاردایە و پێکهاتووە بە پێی یاسای ژمارە یاسای 30 ساڵی 2005 بە پاڵپشتی یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە 2004، بە بەڵگەی ئەوەی کە تایبەتکارییەکانی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە بە رەچاوکردنی پێکهاتەی ئەندامەکانی، جگە لەوە ئەگەر یاسادانەری دەستوری ویستی بەردەوامبوونی دادگای باڵای پێکهێنراوی هەبووایە لە بەردەوامبوون بەپێکهاتەی یاسایی بەرکارەوە ئەوا هاوشێوەی ئەو دامەزراوە و دەستە سەربەخۆیانەی کە پێشتر لە کاردابوون ودەقی لەسەر بەردەوامبوون وپیادەکردنی تایبەتکارییەکانی دەدا بەبەردەوامبوونی بێت تا تەواوکردنی کارەکانیان یان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بێت، وەك دادگای باڵای تاوانەکان[69], دەستەی ریشەکێکردنی بەعث[70], دەستەی سکاڵای خاوەندارێتی[71] هەروەها بە هەمان شێوە سەبارەت بە ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆمار کە پێکهێنراوی یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە بووە [72] بەڵام لە دەستوری 2005 درێژە بە پێکهاتە و چەند تایبەتکارییەکی درا بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بۆ ماوەی یەك خولی هەڵبژاردن[73].

---

[69] مادەی (134) لە دەستوری کۆماری عێراق 2005 .

[70] مادەی (135) لە هەمان دەستور .

[71] مادەی (136) لە هەمان دەستور .

[72] مادەی (35) لە یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە 2004 .

[73] مادەی (138) لە دەستوری کۆماری عێراق 2005 .

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**دووەم/** لە گەڵ بەرکاربوونی دەستوری 2005 و پێکهێنانی حکومەت یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە هەڵوەشێنراوەتەوە جگە لە هەردوو مادەی (58 و 53/أ)نەبێت[74]، واتە دادگای باڵای فیدرالی پاڵپشتی دەستوری پێکهێنانی لەدەستداوە، و سەبارەت بە بەرکاربوونی یاسای ژمارە 30 ساڵی 2005 لەسەر بنەمای مادەی 130 دەستوری 2005 پەیوەستە بە مەرجی هەڵنەوەشاندنەوە وهەموارنەکردنەوەی بە پێی حوکمەکانی دەستوری 2005، کەواتە ئەگەر لە چوارچێوەی بەردەوامبوون وهەڵنەوەشاندنەوەشدا بمێنێتەوە ئەوا ناکرێت لە سنوری هەموارکردنێکی ئاشکرا بێت یان نائاشکرا بچێتە دەرەوەو پێویستە تایبەتکارییە هەموارکراوەکان پیادە بکات. ئەمە جگە لەوەی ئەگەر بە هەموارێکی زیادکراو هەژمار بکرێت بۆ یاساکە ئەوا خودی یاساکە بە بەرکاربوونی وجیاوازی لە ناوەرۆکیدا بە تایبەتی تایبەتکارییەکانی دەکەوێتە بەر چاودێری دەستوری بوون و ئەگەری نادەستوری بوونی تێدا بەهێزە.

**سێیەم/** سەبارەت بە بەڵگە وپاساوەکانی دادگای باڵا کە ئاماژە پێکراوە لەمیانەی رونکردنەوەی بۆچوونی تایبەت بەپێگە وبنەرەتی یاسایی وسنوری تایبەتکارییەکانی، جێگای سەرنجە کە دادگای باڵای فیدرالی بریارێك لە بارەی هەر بابەتێکەوە دەربکات کە پەیوەندار بێت بە خۆی بەهەر هۆکار و لەهەر کێشەیەکدا بێت، لەبەر ئەوەی وادەبینین لادان بێت لە بنەمایەکی گشتی کاری دادوەریی ئاماژە پێکراو لە یاسای دادبینی شارستانی[75].

پاشان پاساوی یاسایی بۆ بەردەوامبوونی لە کارەکانی بە پرۆسەی ئەزمونکراوی دەوڵەتانی تر دەهێنێتەوە سەرەرای ئەوەی هیچ نمونەیەکی دیاری دەوڵەتانێکی هاوشێوەی

---

[74] بە پێی مادەی (62) لە یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ ماوەی گواستنەوە کاتی بەرکاربوونی دەستوری نوێی بەردەوام دەکەوێتە پاش پێکهێنانی حکومەتی نوێ (يظل هذا القانون نافذا إلى حين صدور الدستور الدائم، وتشكيل الحكومة العراقية الجديدة بموجبه). هەروەها بە پێی مادەی (143) ی دەستوری 2005 یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ ماوەی گواستنەوە 204 و پاشکۆکەی جگە لە مادەکانی (53/أ و 58) لە هەمان کاتدا هەڵدەوەشێتەوە: ( يلغى قانون إدارة الدولة العراقيه للمرحلة الإنتقالية وملحقه عند قيام الحكومة الجديدة، باستثناء ماورد فى الفقرة (أ) من المادة (53) والمادة (58) منه) .

[75] مادەی (91) لە یاسای دادبینی شارستانی ژمارە 83ی ساڵی 1969. بڵاوکراوەتەوە لە رۆژنامەی وەقایعی عێراقی ژمارە 1766 لە 1969/11/10.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سیستەمی سیاسی و دەستوری عێراقی دیارینەكردووە، ئەمە جگە لەوەی كەحاڵەتێكی نامۆیە لە كاری دادوری بەڵگە و پاڵپشتی یاساییت نمونە یان ئەزمون یان پرۆسەی یاسایی ودەستوری دەوڵەتانی تر بێت بۆ بریاردان لە كاروباری كێشەكانی بەردەمیدا، ئەگەر چی لە چوارچێوەی شرۆڤە و فیقهدا كارێكی ئاساییە . پاشان گریمانەیەك دەخاتە روو بۆ ئەگەری بەردەوامنەبوونی دادگاكە لە تایبەتكارییەكانی كە پەسەندنەكردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەكان وپێكنەهێنانی حكومەتی لێدەكەوتەوە، بەڵام وادەردەكەوێت دادگای باڵا بۆ بەرگری كردن لە بەردەوامی بە كار وخۆی و پیادەكردنی تایبەتكارییەكانی سەرنجی ئەوەی نەداوە بەركاربوونی دەستوری 2005 دەكەوێتە پاش پێكهێنانی حكومەت لە خولی یەكەمی هەڵبژاردن واتە ئەو تایبەتكارییەی تایبەتە بەپەسەندكردن ودروستی ئەندامێتی ئەنجومەنی نوێنەران ناگرێتەوە لە خولی یەكەم[76].

## 3_ مافی بەشداری هەرێمەكان لە پێكهێنان و پێكهاتەی دادگای باڵای فیدرالی

یەكێك لە بنەما سەرەكییەكان و كۆڵەكەی ڕاگرتنی سیستەمی فیدرالی و لە پێشترین مافی بەدەستهێنراوی هەرێمەكان لە دەوڵەتی فیدرالی فەراهەمبوونی بەشداریكردنیانە لە دسەڵاتەكان و وێستگەكانی فەرمانرەوای لەسەر ئاستی فیدرالی و بەشداری كردن لە دروست كردنی بڕیار پشكداری لە پێكهێنانی دامەزراوەكانی ئاستی فیدرالی لە دەسەڵاتە جیاكاندا[77]. وە گومانی تێدا نییە هەریەكێك لە دامەزراوە دەستورییە فیدرالییەكان لە میانەی پیادەكردنی تایبەتكارییەكان بەئەندازەی جیاواز فەراهەمكردن و گەرەنتی كردنی مافە دەستورییەكانی هەرێمەكان لە ئەستۆ دەگرن.

---

(76) مادەی (144) لە دەستوری كۆماری عێراق 2005.

(77) د. محمد عمر مولود، الفدرالية وامكانية تطبيقها فى العراق، الطبعة الثانية، مؤسسه موكريانى للطباعة والنشر، مطبعة وزاره التربية ، اربيل، 2003، ل281.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دادگای باڵای فیدرالی وەك بەشێك لە دامەزراوە دەستوورییە فیدرالییەکان لە رێگەی ئەرك و تایبەتکارییەکان و پێگە دەستوورییەکەی بەشێك لەو بەرپرسیاریەتە لە ئەستۆ دەگرێت, و دەکرێت بە هەستیارترین دامەزراوەی دەستوری هەژمار بکرێت بە هۆی لێبراوەیی بریارەکانی و پابەندبوونی بۆ تەواوی دەسەڵاتەکان[78].

بەشداریکردنی هەرێمەکان لە پێکهێنان و پێکهاتەی ئەم دادگایە دیارخەری پاراستنی مافی بەشداریکردنە کە بە بنەمای پێکهێنانی سیستەمی فیدراڵی هەژمار دەکرێت[79]، و لە میانەی فەراهەم کردنی ئەم بنەمایە دوو ئامانجی لێبەرهەمدێت پاراستن وپارێزگاری لە مافی سەربەخۆیی بوون، هەروەها بەشداری کردن لە دامەزراوە دەستوورییە فیدرالییەکان بەمەبەستی بەشدار بوون لە دروست کردنی بریار لەسەر ئاستی دەوڵەتی فیدرالی[80].

بۆ ئەم مەبەستە لە چەند خاڵێکدا و بە پێی لایەنی بەشدار لە پێکهێنان و قۆناغەکانی پێکهێنان و پرۆسەی پێکهێنان و دیاریکردنی ئەندامانی دادگا و فەراهەمکردنی بەشداریکردنی هەرێمەکان تیایاندا لە هەریەك لە رێکخستنی دەستوری 2004 و 2005 دەخەینە بەر باس :

## 1_3 بەشداری هەرێمەکان لە رێکخستنی دەستوری 2004

لەبەر ئەوەی پێکهێنانی دادگای باڵای فیدرالی لە دوو قۆناغی سەرەکی پێکدەهات _ پێشتر لە باسی یەکەم باسی لێکرا_ بریتی بوو لە راوێژ و پاڵاوتن پاشان قۆناغی دیاریکردن و دامەزراندن، بەهەمان شێوە بەشداری هەرێمەکان لەو دوو قۆناغەدا بەدەر دەخەین :

**1_1_3 بەشداری کردن لە قۆناغی راوێژ و پاڵاوتن** : وەك چۆن لە پێشدا ئاماژەمان پێکرد لە میانەی دیاریکردنی لایەنە پەیوەندارەکان بە پێکهێنانی دادگای باڵای فیدرالی بە پێی دەقی

---

[78] دەقی مادەی (94) لە دەستوری کۆماری عێراق 2005 : ( قرارات المحكمة الإتحاديه العليا باتة وملزمة للسلطات كافة ).

[79] د. إسماعيل الغزال، القانون الدستوری والنظم السياسية، الطبعة الأولى، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، 1982، ل101 .

[80] د. عادل الطبطبائی، النظام الإتحادی فی الإمارات العربية، بدون مكان النشر، 1978، ل10.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕێکخستنی دەستوری و یاسایی[81] لە قۆناغی ڕاوێژکردن و پاڵاوتن دوو دامەزراوەی دادوەری دیاری کرا بوون کە بریتی بوون لە ئەنجومەنی باڵای دادوەری فیدرالی و ئەنجومەنی دادوەری هەرێمەکان. بەمانا هەرێمەکان لەرێگای ڕاوێژ کردن لەگەڵ ئەنجومەنی دادوەری مافی بەشدارییان پێبەخشرابوو لە پێکهێنانی دادگاکە، ئەمەش جێگای دروست هەنگاونانی یاسادانەری دەستورییە کە بە ئاراستەی ڕۆڵدان بە هەرێمەکان لە پێکهێانی دامەزراوە دەستورییەکان هەنگاوی ناوە. لەگەڵ ئەوەشدا پێویست ئەکات چەند تێبینییەك بخەینە ڕوو لە ڕووی تیۆری و واقعی پراکتیکی هەنگاونراو تیایدا :

**یەکەم/** ئامادەکردنی لیستی پاڵێوراوان بۆ ئەندامێتی دادگای باڵای فیدرالی پێویستی بە ڕاوێژ لەنێوان ئەنجومەنی باڵای دادوەری فیدرالی و ئەنجومەنی دادوەری هەرێمەکان هەیە، بە هەمان شێوە لە پڕکردنەوەی بۆشایی لە ئەندامەکان پاش پێکهێنان بە هۆکارە ئاماژەپێکراوەکان. بەڵام لە کاتی ڕەتکردنەوەی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆمار بۆ هەر پاڵێوراوێك وجارێکی تر گەڕانەوە بۆ پاڵاوتن باس لە هەماهەنگی و ڕاوێژی نێوان ئەو دوو ئەنجومەنە ناکات، کە ئەمە بەبۆچوونی ئێمە نەبوونی وردەکاری و بەهەند وەرنەگرتنی بەشداری هەرێمەکان دەگەیەنێت بە تایبەتی ئەگەر ئەو ڕەتکردنەوەیە بۆ پاڵێوراوانی ئەنجومەنی دادوەری هەرێمەکان بێت. هەرچەندە لە ڕووی پراکتیکەوە لە کاتی ئامادەکردنی لیستی پاڵێوراوان چەند سەرچاوەیەك باس لە بوونی ئەو ڕاوێژکارییە دەکەن[82] بەڵام سەرۆکی دادگای باڵا کە لەو کاتەدا سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای دادوەریش بوو باس لە بەرێوەچوونی دەنگدانی نهێنی دەکات لە دانیشتنێکی ئەنجومەنی باڵای دادوەری تایبەت بەو بابەتە و پاڵێوروان بە لیستێك کە ناوی بیست و حەوت دادوەر بوون دیاری کران بە بێ ئاماژە کردن بە ڕۆڵی ئەنجومەنی دادوەری هەرێم وبەشدارییپێکردنیان [83].

**دووەم/** لە باس کردنی ڕاوێژ و هەماهەنگی لە نێوان ئەنجومەنی دادوەری فیدرالی وهەرێمەکان بۆ پاڵاوتنی ئەندامانی دادگای باڵای فیدرالی جێباسی پارێزگا ڕێکنەخراوەکان لە هەرێمدا بوونی

---

[81] مادەی (44/هـ) لە یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە 2004. و مادەی (3) لە یاسای دادگای باڵای فیدرالی ژمارە 30 ساڵی 2005 .

[82] فرمان درویش حمد ، مصدر سابق، ص64. و د. ازهار أحمد الزهيری، سەرچاوەی پێشوو ، ل183 .

[83] مدحت المحمود ، سەرچاوەی پێشوو ، ل80 .

نییە لە کاتێکدا ئەوانیش بەشێکن لە پێکهاتەی سیستەمی فیدرالی لە عێراق[84] و بەلایەنی کەم زۆربەیان ناوچەی تێهەڵچوونەوەن واتە دادگاکانی تێهەڵچوونەوەیان تێدا پێکهێنراوە، و سەرۆکی ئەو دادگایانە ئەندامی ئەنجومەنی باڵای دادوەری فیدرالین[(85)] بەڵام وادەردەکەوێت کە یەکانەیی سیستەمی دادوەری پێکهاتەی دادوەرییە لە تەواوی عێراق جگە لە هەرێمی کوردستان هۆکاری بەشداری پێنەکردنیان بێت[(86)].

### 3_1_2 بەشداریکردن لە قۆناغی دیاریکردن و دامەزراندن :

لە پاش بەرێوە چوونی قۆناغی راوێژ و پاڵاوتن و ئامادەکردنی لیستی پاڵێوراوان قۆناغێکی گرنگ و هەستیار دێتە پێش کە قۆناغی دیاریکردنی ئەندامان و دامەزراندنیانە، کە گرنگییەکەی کەمتر نییە لە قۆناغی پێش خۆی بەهۆیەوە پێکهێنانی دادگاکەی پێدەچێتە بواری پراکتیکەوە و سیفەتی ئەندامێتی بە پاڵێوراوەکان دەبەخشێت. سەبارەت بە بەشداری کردنی هەرێمەکان و ئاگاداربوون و لەو بریارە گرنگ و هەستیارە لە کاتێکدا کە ماوەی ئەندامێتی دیاری نەکراوە،واتە لەگەڵ دەرچوونی فەرمانی دامەزراندن لە دەسەڵاتی هیچ یەكێك لە دامەزراوە دەستورییەکان نییە کە ئەندامێتییان لەکاربخەن. بۆیە پێویستە بروانینیە پێکهاتەی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆمار کە ئەم تایبەتکارییە گرنگەی لە ئەستۆ گرتووە لەو کاتەدا, سەرەرای دیاریکردني میکانیزم وچۆنیەتی بەرێوەچوونی دەرکردنی بریارەکان تیایدا .

پێکهاتەی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی وەك وەڵامدانەوە و رەچاوکردنی بارودۆخی سیاسی و نمایندەکردنی پێکهاتە سەرەکییەکانی بەشداربوو لە پرۆسەی سیاسی لە عێراق وایدەخواست کە جۆرێك لە هاوسەنگی پێگەیان رابگیرێت لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن بە تایبەت لەسەرۆکایەتی کۆماردا, هەربۆیە میکانیزمی رێکخستنی یاسایی بۆ خۆی بینییەوە لە دەستەیەکی سەرۆکایەتی

---

[84] مادەی (116) لە دەستوری کۆماری عێراق 2005.

[(85)] مادەی (45) لە یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە 2004. و مادەی (2 / 1 ) لە فەرمانی دەسەڵأتی کاتی هاوپەیمانان (دامەزراندنەوەی ئەنجومەنی دادوەری) ژمارە 35 ی ساڵی 2003 .

[(86)] التنظيم القانونى للوحدات المكونة للفدرالية فى العراق _ دراسة مقارنة_ رساله ماجستير، جامعه صلاح الدين ، كلية القانون والعلوم السياسية، 2013، ل87، 88.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕێكخراو لە ئەنجومەنێكدا كە میكانیزمی هەڵبژاردنیان جێگەی متمانەی زۆرینەیەكی تایبەت بێت بە دوو لەسەر سێی ژمارەی ئەندامانی دەسەڵاتی یاسادانان، و بەیەك لیست كە هەرسێ ئەندامانی ئەنجومەنەكە لە خۆ بگرێت [87]، پاشان بڕیارەكانی ئەو ئەنجومەنەش بە كۆی دەنگی تەواوی ئەندامانی ئەنجومەنەكە بێت بە سەرۆك و جێگران [88].

به هۆی پێكهاتەی نمایندەكاری هەرسێ پێكهاتە سەرەكییەكە لە ئەنجوەنی سەرۆكایەتی كۆمار و مافی رەتكردنەوەی هەر یەكێك لە ئەندامان مافی بەشداری كردنی هەرێمەكان وپاراستنی دامەزراندنی پاڵێوراوەكانیان لە لیستی پێشكەشكراو لەلایەن ئەنجومەنی باڵای دادوەری بە دروستی و راستەقینەیی فەراهەم دەبێت. وە ئەو ماوە دوور و درێژەی كە لە نێوان كاتی پێشكەشكردنی لیستی پاڵێوراوان بۆ دەرچوونی بڕیاری دامەزراندن خایاندی لە 2004/7/21 تا 2005/3/30 زادەی ئەو بڕیارە كۆدەنگییەی ئەنجومەنی سەرۆكایەتی كۆمار بوو بۆ پاراستنی پاڵێوراوانێك كە بە شێوەیەكی ناراستەوخۆ ویست و پاڵێوراوی دروستی ئەو پێكهاتەبن كە ئەوان نوێنەرایەتییان دەكرد و توانرا هاوسەنگی تێدا بپارێزرێت. [89]

## 2_3 لە ڕێكخستنی دەستوری 2005 :

بە هۆكاری دیاریكرنی ئەنجومەنی نوێنەران بە ڕێكخەری وردەكاری تەواونەكرواى ڕێكخستنی دەستوری لە ژمارەی ئەندامان وشێوازی هەڵبژاردن ودیاریكردنیان ورێكخستنی كاری دادگا بەشداری كردنی هەرێمەكان دیاریكراو و روون نییە تا ئەو كاتەی ناوەرۆكی یاساكە دادەنرێت ــ تا كاتی نوسینەوەی ئەم بابەتە یاسای تایبەت بە دادگای باڵا ی فیدرالی قۆناغی پرۆژەبوونی تێنەپەراندووە ـ ، ئەمەش جێگای تێبینی و بە ئاراستەی نەرێنی یاسادانەری دەستوری لای هەندێك هەژمار دەكرێت بە هۆی هەستیاری تایبەتكارییەكان وپێگەی ئەم دادگایە

[87] مادەی (36/أ) لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە 2004 .

[88] مادەی (36/ج) لە هەمان یاسای پێشوو .

[89] بۆ زیاتر ئاشنابوون بە سەربوردەی ئەندامانی دادگای باڵای فیدرالی، بڕوانە پێگەی ئەلكترۆنی دادگاكە : /ht t ps:/ / www.i r aqf sc.i q/ cvet hadea

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ولێکەوتەی نالۆژیکی لە رێکخستنی دامەزراوەیەك لە دیاریکردنی ئەندامان وژمارەی پێکهاتەو میکانیزمی دامەزراندن ودیاریکردنی کارەکانیان لەلایەن دامەزراوەیەکی ترەوە بکرێت کە لە حاڵەتی پێکهێنانیدا ببێت بە چاودێر و بریاردەر لە دروستی سنوری پیادەکردنی کارەکانی، جگە لەوە ناسەقامگیری لێدەکەوێتەوە لە ئەگەری هەموارکردنەوەی بە یاسایەکی تری فیدرالی لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە [90].

لەبەر هەمان هۆکار کە نەبوونی یاسایەکی دانراوە لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە تا ئێستا، تەنها لە میانەی دیاریکردنی لایەنە پەیوەندارەکان بە پێکهێنانی دادگاکە چەند خاڵێك دەخەینە روو کە تایبەتە بە بەشداری هەرێمەکان تیایدا :

**یەکەم/** بە پێی دەقی مادەی (92) ی ئاماژە پێکراو لە دەستوری بەرکار ئەنجومەنی نوێنەران تەنها لایەنی پێکهێنەری دادگایە، ئەمە لە کاتێکدا خۆی بەشێك یان باڵێکی دەسەڵاتی یاسادانی فیدرالییە[91] لەسەر بنەمای نمایندە کردنی تەواوی گەلی عێراق، کەواتە هەر کارێکی یاسادانان لەسەر بنەمای زۆرینەی سادە وتەنانەت زۆرینەی رەهاش بەشداری راستەقینە وگەرەنتیکراوی هەرێمەکانی لێناکەوێتەوە, بەڵام بۆ فەراهەمکردنی جۆرێك لە بەشداریکردنی هەرێمەکان زۆرینەیەکی تایبەت دیاریکراوە ئەویش دوو لەسەر سێی ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانە، بەشێوەیەکی پراکتیکی دیاریکردنی ئەم رێژەیە لە زۆرینەی دەنگدان جۆرێك لە گەرەنتی بەشداریکردنهەرێمەکان فەراهەم دەکات و ناتوانرێت لەم جۆرە یاسایانە تێپەرێنرێت بەبێ رەچاوکردنی بەشداری نوێنەرانی هەرێم، هەر لەبەر ئەمەیە دەبینرێت دادگای باڵای فیدرالی لە بۆشایی یاسای نوێدا بەردەوامی هەیە.

بەڵام ئەوەی جێگای مەترسییە ئایا پاش پێکهێنانی دادگاکە لە رێگای دانانی ئەم یاسایە بە زۆرینەی ویستراو هەمان زۆرینە پێویستە بۆ هەموارکردن ؟ ئەگەر وەڵامەکە نەخێر بێت و وەك یاسایەکی ئاسایی هەژمار بکرێت ئەوا ئەو بەشداری و میکانیزمە گەرەنتیکارە بۆ هەرێمەکان لەدەستدەردرێت بە تایبەتی لە بۆشایی ئەنجومەنی فیدرالیدا. بەڵام پێمان وایە کە دەقی مادە

---

[90] د. كاروان عزت البربهاري، الضمانات الأساسية لاستقلال القضاء الدستوري في الأنظمة الفدرالية، مجله كلية القانون للعلوم القانونية والسياسية، جامعة كركوك، العدد/12، 2012، ل112 .

[91] مادەی (48) لە دەستوری کۆماری عێراق 2005 .

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەستورییەکە هەمان پابەندی هەیە بۆ ئەنجومەنی نوێنەران لە دیاریکردنی ژمارەی ئەندامان و شێوازی هەڵبژاردنیان و رێکخستنی کارەکانیان وەك چۆن هاتووە لە بڕگەی دووەمی مادەی 92ی دەستوری 2005 : ( تتكون المحكمة الاتحادية العليا من عدد من القضاة وخبراء فی الفقه الاسلامی وفقهاء القانون، يحدد عددهم وتنضم طريقه اختيارهم وعمل المحكمة بقانون يسن بأغلبيه ثلثی أعضاء مجلس النواب). هەربۆیە پێمان وایە دروست وابوو یاسادانەری دەستوری ئەنجومەنی نوێنەرانی دیارینەکردایە وەك تەنها لایەنی یاسادانەر بۆ پێکهێنانی دادگاکەو و بە شێوەیەکی گشتی دەسەڵاتی یاسادانانی ئاماژە پێبکردایە ئەو کات ئەنجومەنی فیدرالیش تێدا بەشدار دەبوو، کە پێکهاتەی ئەو ئەنجومەنە نمایندەی هەرێم و پارێزگا رێکنەخراوەکان دەکات لە دەسەڵاتی یاسادانانی فیدرالیدا [92].

**دووەم/** پێکهاتەی دادگا بە بەشداری دادپەروەرانەی نوێنەرانی هەرێم و پارێزگا رێکنەخراوەکان لە هەرێم لە بەرێوەبردنی تەواوی دامەزراوە فیدرالییەکانی دەوڵەتدا بنەمایەکی تری فەرمانرەواییە لە چوارچێوەی سیستەمی فیدرالی لە عێراق فەراهەم دەکات وەك چۆن لە مادەی 105 دا هاتووە:" ( تؤسس هيئة عامة لضمان حقوق الاقاليم والمحافضات غير المنتضمة فی إقليم فی المشاركه العادله فی إداره مؤسسات الدولة الإتحادية المختلفه) "[93]. وە دادگای باڵای فیدرالیش لە میانەی رێکخستنی دەستوری 2005 بۆ دەسەڵاتە فیدرالییەکان وەك بەشێك لە دەسەڵاتی دادوەری فیدرالی ناسێنراوە [94].

**سێیەم/** بەشداری کردنی هەرێمەکان لە رێگای سەرۆکی کۆمار وەك لایەنی بەشداری پرۆسەی یاسادانان لە پەسەندکردن و دەرکردن بۆ ئەو یاسایەی کە ئەنجومەنی نوێنەران دادگای باڵای پێپێکدێنیت تەنها لە قۆناغی یەکەمی بەرکاربوونی دەەستوری 2005 بە دیاریکراوی لە خولی یەکەمیدا لە دیاریکردنی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆمار فەراهەم دەبێت, ئەویش بە هۆی توانای رێگریکردن لە دەرکردنی یاسا بێ بەشداری پێکهاتە سەرەکییەکانی پرۆسەی سیاسی لە عێراق لە میانەیاندا هەرێمەکانیش ئەویش لەرێگای بریاردان بە کۆی دەنگی سەرۆك و دوو

[92] مادەی (65) لە دەستوری کۆماری عێراق 2005 .

[93] علی هادی عطيه الهلالی، مصدر سابق ، ل 195، 196 .

[94] بڕوانە دەروازەی سێیەم بە ناونیشانی ( دەسەڵاتە فیدرالییەکان )، و مادەی (47 و 89 ) لە دەستوری کۆماری عێراق 2005.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جێگرەکەی، وە لە حاڵەتی رەتکردنەو و سووربوونی ئەنجومەنی نوێنەران بۆ دوو جار لەسەر یەك ئەوکات پێویست بە دەنگی سێ لەسەر پێنجی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران دەکات تا ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆمار مافی رەتکردنەوە لەدەستبدات، و ئەم رێژەی دەنگدانە لە ئەنجومەنی نوێنەران هەمان بەشداری ویستراو فەراهەم دەکات.

## کۆتایی

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیە کۆی ئەو دەرنجامانەی پێیگەیشتووین و راسپاردەکان بەم شێوەی خوارەوە دەخەینە روو:

**دەرئەنجام:**

1_ دادگای باڵای فیدرالی کارا هەمان دادگای باڵای فیدرالی ئاماژە پێکراو نییە لە دەستوری بەرکاری 2005، بە هۆی جیاوازییان لە میکانیزمی پێکهێنان و پێکهاتەی ئەندامەکان و تایبەتکارییە دیارییکراوەکان.

2 _ تەواوی ئەو کێشە و تێبینییانەی پەیوەندران بە دادگای باڵای فیدرالی هۆکاری بۆشایی رێکخستنی یاساییە کە لە دەستوری بەرکاری 2005 ئاماژەی پێکراوە .

3 _ رێپێدانی دەستوری بۆ ئەنجومەنی نوێنەران بە رێکخستنی میکانیزمی پێکهێنان و پێکهاتەی دادگا لە رووی ژمارە و چۆنیەتی کارکردنیان جۆرێك لە ناسەقامگیری بۆ ئەو دامەزراوە دادوەرییە لەسەر ئاستی فیدرالی لێبەرهەمدێت بە هۆی ئەگەری هەمووارکردن لە هەر کاتێکدا، جگە لەوەی لۆژیکی یاسایی لە خۆ ناگرێت کە دامەزراوەیەکی فیدرالی ئەو دەسەڵاتە فراوانەی هەبێت بۆرێکخستنی کاروباری دامەزراوەیکی تر کە دەرئەنجام بکەوێتە ژێر چاودێری و پشکنین و بریاردان لە دروستی کارەکانی .

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

4_ مافی بەشداریکردنی هەرێمەکان لە پێکهێنانی دادگای باڵای فیدرالی لە قۆناغە جیاوازەکاندا بە پێی لایەنە بەشدار و پەیوەندارەکانی پێکهێنان بەدی دەکرێت بە ئاستی جیاواز لە نێوان هەردوو رێکخستنی دەستوری 2004 و 2005 ، بەڵام وێستگەکانی پێکهێنانی دادگە لە یەکەمیاندا بەشدارییان تێدا زیاتر فەراهەکراوە .

**راسپاردە:**

1 _ پێویست بوونی رێکخستنی دەستوری و چوارچێوە کردنی بابەتە پەیوەندارەکان بە دادگای باڵای فیدرالی لە میانەی هەر هەنگاوێك بۆ هەمواركردنەوەی دەستور، تا سەقامگیری لە كارو پیادەکردنی تایبەتکارییەکانی لە ئاستی پێگەکەیدا لێفەراهەمبێت و لە ئەگەری گۆرانكاری یاسادانەری ئاسایی بەدوور بێت.

2_ هەنگاوی خێرا بۆ دانانی یاسای دادگای باڵای فیدرالی پاڵپشت بە دەقە پەیوەندارەکانی دەستوری بەرکاری 2005 بە جۆرێك پێگە و پێكهاتە و تایبەتكارییەکانی لە سنوری دیاریکراوی دەستوری چوارچێوە بکرێت، تا لە میانەیدا گومان و کێشە رووبەرووکراوەکانی دادگاکە برەوێنرێتەوە و جۆرێك لە سەقامگیری لە دامەزراوە دەستورییە فیدرالییەکانی لێفەراهەمبێت .

3_ بەشداری هەرێم وپارێزگا رێکنەخراوەکان لە هەرێم لە پێکهاتە وپێکهێنانی دادگاکە لە میانەی رێکخستنی یاسایی ئاماژەپێکراوی دەستوری بەرکار 2005، وەك بەشێك لە بەرجەستەکردنی مافە بەخشراوە دەستورییەکان پێیان و گەرەنتی كردنی پیادەکردنیان .

**لیستی سەرچاوەکان**

**پەرتوکەکان:**

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1_ د. ازهار هاشم أحمد الزهيرى، الرقابة على دستورية الأنظمة والقرارات الإدارية، المركز العربى للنشر والتوزيع، القاهرة، مصر، 2016.
2_ د. إسماعيل الغزال، القانون الدستورى والنظم السياسية، الطبعة الأولى، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، 1982.
3_ د. عادل الطبطبائى، النظام الإتحادى فى الإمارات العربية، بدون مكان النشر، 1978، ص10.
4_ على هادى عطية الهلالى، النظريه العامه فى تفسير الدستور وإتجاهات المحكمة الإتحادية العليا، الطبعة الأولى، منشورات زين الحقوقية، بيروت، مكتبة السنهورى، بغداد، 2011.
5_ فرمان درويش حمد، إختصاصات المحكمة الإتحاديه العليا فى العراق، منشورات زين الحقوقيه، بيروت ، التفسير للإعلان والنشر، أربيل، 2013 .
6_ د. محمد عمر مولود، الفدرالية وامكانية تطبيقها فى العراق، الطبعة الثانية، مؤسسه موكريانى للگباعة والنشر، مطبعة وزاره التربية ، اربيل، 2003،
7_ مدحت المحمود ، القضاء فى العراق_ دراسة استعراضية للتشريعات القضائية فى العراق _ ، الطبعه الثانية، شركة مجموعه العدالة للصحافة والنشر،2010 .
8_ مكى ناجى، المحكمة الإتحادية فى العراق _ دراسة تطبيقية فى اختصاص المحكمة والرقابة التى تمارسها معززة بالأحكام والقرارات_ ، الطبعة الأولى، دار الضياء للطباعه والتصميم، النجف، 2007.
9_ د. منذر الشاوى، فلسفة الدولة، الطبعة الثانية، الذاكرة للنشر والتوزيع ، بغداد ، عمان/ الأردن، 2013.

**نامه و تێزى دكتۆرا**

10_ سوران على حسن ، التنظيم القانونى للوحدات المكونة للفدرالية فى العراق _ دراسة مقارنة_ رساله ماجستير، جامعه صلاح الدين ، كليه القانون والعلوم السياسية، 2013.
11_ صلاح خلف عبد، المحكمة الإتحادة العليا فى العراق، تشكيلها واختصاصاتها (دراسة مقارنه)، رسالة ماجستير، جامعه النهرين ، كلية الحقوق، 2011.
12_ عبدالرحمن سليمان زيبارى، السلطة القضائية فى النظام الفدرالى_دراسة تحليلية مقارنة_ أطروحة دكتوراه، جامعةصلاح الدين، كلية القانون والسياسة، 2008.

**توێژینەوە زانستییەکان**

13_ د. كاروان عزت البربهارى، الضمانات الأساسية لاستقلال القضاء الدستورى فى الأنظمة الفدرالية، مجله كلية القانون للعلوم القانونية والسياسية، جامعة كركوك، العدد/12، 2012.

14_ على سعد عمران، إختصاص المحكمه الإتحاديه العليا فى الرقابة على أحكام محكمة القضاء الإدارى ، مجلة رسالة الحقوق، جامعة كربلاء، كليه القانون، المجلد الأول، العدد الثانى، 2009.

15_ على يونس اسماعيل و رجب على حسن ، اختصاص المحكمة الإتحادية العليا فى الرقابة على مشروعية الأنظمة ، مجلة تكريت للعلوم اللقانونية والسياسية، العدد/ 7 ، السنة/2، 2010.

16_ د. مها بهجت يونس، المحكمة الإتحادية العليا واختصاصها بالرقابة على دستورية القوانين، مجله كلية الحقوق، جامعه النهرين، العدد: 11, 2008 .

17_ د. شورش حسن عمر, ظوابط استقلال المحكمه الإتحادية العليا فى العراق من حيث التشكيل (دراسة مقارنة) ، مجلة كلية القانون للعلوم القانونية والسياسية، جامعة كركوك، العدد/21، 2017

**سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان :**

18_ سالم روضان الموسوى ، تشكيل المحكمة العليا فى العراق بين الدستور والقانون_قراءه تحليلية ونقدية_ مقال منشور فى الموقع الالكترونى للحوار المتمدن، المحور: دراسات وأبحاث قانونية. http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=158837

19_ سالم روضان الموسوى ، مدى صلاحية المحكمة الإتحادية العليا فى تفسير النصوص الدستورية، مقال مأخوذ من الموقع الإلكترونى للحوار المتمدن، المحور: أبحاث ودراسات قانونية. ht t p://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=221229

20_ ضياء الساعدى ، المحكمه الإتحادية بين التشكيل الدستورى والحق فى ممارسة الإختصاصات القانونية، مقال مأخوذ من الموقع الإلكترونى لمجلس القضاء العراقى : #/https://www.iraqja.iq/view.1518

21_ هادى عزيز على ، خبراء فى الفقه الإسلامى وعضوية المحكمة الإتحادية العليا ، من منشورات المؤتمر المدنى للوحدة الوطنية، المنعقد فى بغداد فى 2007/3/24 ، مقال مأخوذ من الموقع الإلكترونى : http://www.iraqi-alamal.org/uploads/pdf/Old%20web%20site%20PDF/interlacing/Jurisprudence%20experts.pdf

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

22_ هادى عزيز على، فقهاء  الفقه الإسلامى والخشية من إستقلال القضاء، المأخوزه من الموقع الألكترونى لمجلس  القضاء العراق : https://www.iraqja.iq/view.2846/ .
23_ بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدرالی وەگیراو لە پێگەی ئەلکترۆنی دادگاکە و ئەنجومەنی باڵای دادوەری: https://www.iraqfsc.iq/ethadai.php .
https://iraqja.iq/ethadai.php
24_ پرۆتۆکۆلی دانیشتنەکانی ئەنجومەنی نوێنەران :
http://ar.parliament.iq/category/%D8%AC%D9%84%D8%B3%D8%A7%D8%AA-%D8%A7%D9%84%D9%85%D8%AC%D9%84%D8%B3/%D9%85%D8%AD%D8%A7%D8%B6%D8%B1-/%D8%A7%D9%84%D8%AC%D9%84%D8%B3%D8%A7%D8%AA

**دەستور و یاساکان:**
25_ یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ  قۆناغی گواستنەوە 2004.
26_ دەستوری کۆماری عێراق 2005 .
27_ دەستوری اسپانیا 1978 .
28_ دەستوری هند 1949.
29_ دەستوری شانشینی ئوردون 1952.
30_ دەستوری دەوڵەتی کوەیت 1962.
31_ دەستوری  گواستنەوەی کۆماری سودان 2005.
32_ دەستوری کۆماری عەرەبی سوریا 2012
33_ یاسای شارەزایان لەبەرامبەر دادوەران ژمارە 163ی ساڵی 1964 ی هەموارکراو .
34_ یاسای دادبینی شارستانی ژمارە 83ی ساڵی 1969.
35_ یاسای سەلماندنی عێراقی ژمارە 137ی ساڵی 1979ی هەموارکراو.
36_ یاسای دەسەڵاتی دادوەری (هەرێمی کوردستان) ژمارە 14ی ساڵی 1992 .
37_ فەرمانی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان (دامەزراندنەوەی ئەنجومەنی دادوەری) ژمارە 35 ی ساڵی 2003.
38_ یاسای دادگای باڵای فیدرالی ژمارە 30 ساڵی 2005 .

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پەیرەوی ناوخۆ:

39_ پەیرەوی ناوخۆی دادگای باڵای فیدرالی ژمارە 1 ی ساڵی 2005.


## ملخص البحث

بعد تجسيد النظام الفدرالي والإتحاد الإختياري لشكل الدولة العراقية الجديدة في التنظيم الدستوري لسنة 2004 وتأكيده في الدستور الدائم لسنة 2005، فإن جميع المؤسسات الدولة تم تغييرت بشكل كامل، ولم تستثن السلطة القضائية من تلك التغييرات ومن ضمنها الاعتراف بثنائية تكوين السلطة القضائية على مستويين الإقليمي والفدرالي، وتأسيس المحكمة الإتحادية العليا التي تعد أعلى مستويات المؤسسة القضائية على مستوى القضاء الفدرالي من حيث مركزها الدستوري والقوة الملزمة لقراراتها, وصلتها بالمواضيع الدستورية النزاعات ما بين مكوناتها ومؤسساتها الدستورية.

ولكن بسبب مرور هذه المحكمة بثلاث محطات تنظيمية دستورية و قانونية متعددة، وفي انتظار تنظيم قانوني جديد لها، فإن فيها العديد من المشاكل المتعلقة بتأسيسها ومكوناتها وممارسة اختصاصاتها إضافة إلى مدى مشاركة الأقاليم فيها، والتي هي محل نظر وملاحظات قانونية من حيث عدم الإستقرار وفراغ التنظيم القانوني المشار إليه في الدستور النافذ لسنة 2005 لإنشائها وتحديد عدد أعضائها وكيفية تعيينهم وإجراءات عمل المحكمة.

اعتمد هذا البحث على المنهج التحليلي للقواعد والأحكام الدستورية والقوانين المتعلقة بتأسيسها ومكوناتها ومشاركة الاقاليم، إضافة إلى بيان المشاكل المتعلقة بها وتحليلها.


## Abstract

مجلة قهڵاى زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**Constitution Organizing for Establishing Federal Supreme Court in Iraq and Relating to Rights of Regions**

After the implementation of the federalism in Iraq and the voluntary unification of the components of new Iraq in 2004 and emphasizing on regulating the interim constitution, there was a radical change in all the state institutions. Amidst these changes, the judicial system was not exempt from these alterations, especially in the recognition of the bilateral legal system on regional and federal levels, and the establishment of the Federal Supreme Court, which represents the highest authority in Judicial Foundation on the level of federal justice, in terms of the status and power of its decisions on constitutional issues and problems between federal entities and federal institutions.

But due to the passage of this court through three stages of various legislative and regulatory adjustments, and in anticipation of the new legal regulation, several problems related the establishment, composition and implementation of its functions, despite the capacity of regional participation, have become worth noting and questioning its instability, absence of the regulation of the above-mentioned law in the 2005 Interim Constitution, to determine the number of members and how they are employed and the procedures of the Court

It is worth mentioning that this research is based on the method of analyzing the constitutional and related legal rules and regulations examines the establishment and constituent of the court and participation of the regions in it, in addition to stating and explaining related issue.